دۆسیەی ژمارە: بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانی ٣١ ئاب

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی سێهەم، ژمارە (59) 1/9/2019 | بلاوكراوەيەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێكدا دەرئەچێت

گفتۆگۆ لەگەڵ عەلی کەریمی، جەمال محسین، فاتیح عەباس لە لاپەرە 11- 12-13 دەخوێننەوە...

# ٣١ ئاب تەنها ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەک خیانەتی بزووتنەوەی کوردایەتی...



دوێنی ٣١/٨/٢٠١٩ بیست و سێ ساڵ، بەسەر هینانی سوپای بەعسدا بۆسەر کوردستان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تێپەربوو.

رۆژی ٣١ ئاب تاوانی پەلکیشکردنی سوپای بەعسە بۆسەر کوردستان، تاوانی دوبارە و چەندبارەو دەیان بارەی خۆشخزمەتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەتی بە وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە.

لەناو جەرگەی شەڕی نەگریسی پارتی و یەکیتی و لەسەر دەسەڵات و پاوانکردنی قەڵەمرەویی دەسەلاتی زۆرتردا، دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەشێک بوون لە جەنگ. بەشداری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی ئەو وڵاتانە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان و جێ پێ قایمکردنیان بوو لە دۆخی سیاسی کوردستانی سەرگەردان و بێ ناسنامەی حقوقیدا.

پارتی و یەکێتی، کە جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی برستی لێ بریبوون و رۆژانە جۆگەلەی خوێنی چەکدارەکانیان زۆرتر دەبوو، بۆ یەکلایی جەنگەکەیان بە قازانجی خۆیان، دەستەو دامێنی هەردوو دەوڵەتی ئێران و...

بۆ لاپەڕە ٢



*عەلی کەریمی: ئەوانەی باسی ئاڵا و سەربەخۆیی کورد دەکەن تەنیا درۆیەکی شاخدار و موزایەدە دەکەن و هیچ خەتێکی سوریان بۆ خیانەت نییە!...ل11



*جەمال محسین: پارتی و یەکێتی لەشەڕی دەسەڵاتدا لەبەرامبەر بە یەکدا پەنایان بۆ پیسترین و هارترین و دواکەوتووترین و سەرکوتگەرترین ڕژێم برد...ل12



*فاتیح عەباس: کەسوکاری قوربانیانی شەڕی ناوخۆ دەبێ فشار دروستبکەن و چالاکی ڕێکبخەن بۆ بەردەم بارەگاکانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان...ل13

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* دەبێ دەستبەجێ زوبێر برادۆستی و بڕیار محەمەد ئازاد بکرێن.....ل2
* هەلومەرجی کرێکارانی هاتوو بۆ سعودیە...............................ل4
*پێویستە سنورێک بۆ کوشتاری ژنان و توندوتیژی دابنرێت...........ل4
* بەڵێ بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی ئەشکەنجەی منالآنیان داوە...ل5
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان.................ل8
*خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە ٢٣ هەمین سالیادی ٣١ ئابدا..............ل14

لەیادی بەکر عەلی تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا...ل3

بەهۆی تیرۆری جاسوسێکی تورکیا، پارتی سزای بەکۆمەڵی ١٢ هەزار کەس دەدات...ل3

جەندەرو زمان، توندوتیژی زمانەوانی...ل9

کۆمەڵگەی سێکسیست و قەیرانی شوناس...ل10

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7



پرسی ژن ل 6

## وتەی ژمارە

عێراق بوون. یەکێتی نیشتیمانی کەوتە پێش لەشکردی سوپای پاسداران و لەبەرامبەریشدا پارتی دەستەو دامێنی سوپای دڕندەی بەعس بوو. لەچوارچێوەی ئەم جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیەدا چ ئێران و تورکیا و چ دەوڵەتی عێراق، خوازیاری خوین بەربوونی فراوانی خەڵکی کوردستان بوون. لەوەش زیاتر پێوستیان بەوە بووە کوردستان وەکو پایەگایەک بۆ ململانیی نێوانیان و گەڕان بەدوای بەرژەوەندیەکانیاندا، کەڵک لێوەربگرن.

لەدڵی وەها هەلومەرجێکدا بوو کە پارتی لەبەرامبەر بە خۆشخزمەتی و پێش لەشکری یەکیتی بۆ سوپای پاسدارانی ئێران، دەستی سوپای بەعسی گرت و پەلکیشی پایتەختی کوردستان!! ی کرد و حکومەت و پەرلەمانی!! عەزیزیان!! کردە دوو تەیری قەڵبی ژێر پۆستاڵی سوپای بەعس. لەو بەرامبەرکێی و خۆشخزمەتی و نۆکەرایەتیەدا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هیز و فراوانکردنی هەژموونی دەسەڵاتدارێتیاندا، خەڵکی کوردستانیان توشی کارەساتێکی تر کرد. لەو جەنگە نەفرەتییەی دەسەڵاتدا، بەجیا لە کوژران و برینداربوونی هەزاران لاوی چەکداری ئەو حزبانە، بێ سەروشوێن بوونی هەزارانی تر و ئاوارەیی و ... پارتی و یەکێتی دەستیان لەهیچ کردەوەیەکی دژە ئینسانی لەبەرامبەر یەکتریدا نەپاراست. تەنانەت ئەگەر ئەوکاتە چەکی کیمیایی یان بایۆلۆژیان... هەبوایە ئامادەبوون بەکاری ببەن. بەدەیان هەزار کەسی بێ چەکی لایەنگرانی حزبەکانیان ئاوارەو دەربەدەر کرد. بەدەیان و سەدان دیلیان بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت، چارەنووسی هەزاران کەسی تری چەکدارییشیان بەلێڵی هێشتەوە و تائیستاش چارەنووسیان نادیارە. بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق و ئیران و تورکیایان قەسابی کرد، یان ڕادەستی سوپای بەعس و جمهوری ئیسلامی...کران. کەشی ترس وتۆقاندنیان زاڵ کرد، ئاوارەیان لەهەرێمی کوردستاندا کردە دیاری دەسەڵاتیان و داسەپاند، تیرۆری سیاسیان چەند بەرابەر کرد، هەرچی سوکایەتی و فەرهەنگی جنیوسازییە، خستیانەگەر و لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانیانەوە بێ شەرمانە پەخشیان دەکردەوە. بەڵی لەو جەنگەدا و دوای پەلکیشکردنی سوپای بەعس، پارتی توانی هەولێر لەدەستی یەکیتی دەربهێنێت و دەسەڵاتی خۆی بە پشتیوانی سوپای بەعس دابسەپێنێت.

لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ باڵانسی هیز و قەڵەمرەوی دەسەڵات بە سودی پارتی شکایەوە. ئیستاشی لەگەڵ بێت، سەران و کادرانی پارتی، شانازی بەهێنانی سوپای بەعسەوە دەکەن. و دەزانن کە ئەمە عادەتی بزوتنەوەکەیانە. دیارە پێداگری و شانازی کردنی پارتی بە ٣١ ئابەوە، هەر لەبەرئەوەیە نییە، کە توانیان باڵانسی هێز بەسودی خۆیان بگۆڕن و قەڵەمرەوی دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنن، بەڵکو بە ئاشکرا ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە هەر کاتێک پێویست بکات، بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان، یان بۆ ڕاگرتنی باڵانس و لە دۆخی تایبەتیشدا بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەویی زیاتر ئامادەن دەیان جاری تریش دەستەو دامێنی هیزی دەرەکی و بەتایبەتیش وڵاتە دیکتاتۆرو فاشیەکانی ناوچەکە ببن.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نەبوو کە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەست بخەنە ناو دەستی سوپای داگیرکەرانی کوردستان و دەستی پاڕانەوەیان بۆ درێژ بکەن، بەڵکو ئەوە تەنها گۆشەیەک و ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی نۆکەرایەتی بەردەوام و مێژوویان بە دەوڵەتە دیکتاتۆرو دڕندەکانی ناوچەکەوە. تازەترینیان تاوانی شەنگال و پاشان ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ یە... لەوانەش واوەتر بەردەوامی دانە بە وابەستەیی و خۆبەستنەوە بەو دەوڵەتانە و ئامادەیی هەمیشەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە پێیانەوە.

بەجیا لە پارتی و یەکێتی سەرجەم حزبەکانی تری سەر با خانەوادەی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد، چ ئەوانەی ڕۆڵی ئۆپۆزیسۆنیان گێراوە یان لەگەڵ دەسەڵات بوون، چونکە خۆشیان بەشێک لەهەمان نەریتی بزوتنەوە بزوتنەوەی کوردایەتیین و کیشەکی جدیان لەگەڵ ٣١ ئاب و ئابەکانی پارتی و یەکێتی نەک نییە، بەڵکو خۆیان و سەرانیان کارنامەی نۆکەرایەتیان هەیەو لەجەنگی ناوخۆشدا بەشدار و قارەمانی!! شەری نێوان حزبەکان بوون و تۆمەتباری ناو ئەو جەنگەی دەسەڵاتەن، بۆیەشە ئەو خۆشخزمەتی و نۆکەرپیشەیەی پارتی و یەکێتی بۆیان ئاساییە.

حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریش، چونکە تەنها کارتۆن و دیکۆرێکن، ئێستاشی لەگەڵ بێت، شەری ناوخۆیی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تریش، بەو هەموو قوربانی و ماڵوێرانی و ئاکامە وێرانکەرەوە کە بوویانە، لێکۆڵینەوە لەو جەنگانە، لەکەسانی بریادەر و بەشدارانیان نەبوۆتە مەسەلە بۆیان و مێشێش میوانیان نییە، ئەوەش ئەو ڕاستیە سەدبارە دەسەلمێنێتەوە کە حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری تەنها ماشێن و دەزگای حزبە دەسەڵات بەدەستەکانن و توانستی هیچ بریار و لێپرسینەوەیەکیان لە حزبەکان نەبووەو نییە.

دوای ٢٣ ساڵ بەسەر ٣١ ئابدا، هێشتا ئاسەوارەکانی جەنگ ماوە، بە جیا لەوەی هێشتا هەریمی کوردستان دوو زۆنی دوو دەسەڵاتییە، هێشتا دەیان خێزان لە درێژەیی ئاوارەیی ناوخۆیدا دەژین، هێشتا دەیان و سەدان کەس کەم ئەندامن و بەدەست برینی جەنگی دەسەڵاتەوە دەناڵێنن، هێشتا دەیان و سەدان خێزان لە چاوەروانی دەرکەوتنی چارەنووسی ئازیزانیاندان کەلەم جەنگی نەگریسی دەسەڵاتەدا بێ سەروشوێنن.

خەڵکی کوردستان و بەشی پێشرەو و هۆشیاری کۆمەڵگە، ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان، ئەرکیانە دۆسیەی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆیی بەدەستەوە بگرن و داوای لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبارانی جەنگ، لە دیل کوژ و ونکردنی دەیان و سەدان چەکدار، بەدەستەوە بگرن و لەوەش زیاتر بەدوای چارەنووسی ئەو سەدان ئینسانەدابن کە تا ئیستا کەس و کار و ئازیزانیان چاوەروانیانن و چارەنووسیان لەدەستی پارتی و یەکێتی ونکراوە. ئەگەر ماون لەکوێن و ئەگەر مردوون و کوژراون گۆڕەکانیان لەکوێیە؟

دۆسیەی شەری دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و حزبەکانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی و نۆکەرایەتیان بۆ وڵاتانی ناوچەکەو ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدوای خۆیدا هێناوە، لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە دۆسیەیەکی کراوەیە و بەکراوەیش دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی لە دادگایەکی عادلانە و سەربەخۆیی مەدەنیدا، تۆمەتبارانیان، بەسزای یاسایی خۆیان دەگەیەندرێن.

# دەبێ دەستبەجێ زوبێر برادۆستی و بڕیار محەمەد ئازاد بکرێن...

لە ٢١ مانگی تەموزەوە ڕۆژنامەنووس زوبێر برادۆستی پەیامنێری ئاژانسی ڕۆژ نیوز لە شاری دهۆک لەلایەن هیزێکی پارتییەوە دەستگیر کراوە، پاشانیش بڕیار محمەد کە ئەویش پەیامنێری ئاژانسی ڕۆژ نیوزە لەشاری هەولێر دەستگیر کراوە. هەردوو ڕۆژنامەنووس ڕێگەی چاوپیکەوتن و بینینان لێ قەدەغەیە. دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە پێشیلکارییەکی ئاشکرای کاری ڕۆژنامەنووسی و ئازادی سیاسییە، کەچی بەداخەوە هەموو ئەو حزبە سیاسیانەی لە کابینەی نویی






حکومەتدان، لەبەرامبەر بە بەشداریان لە حکومەت و دەسەڵاتدا، خۆیان کردووە بە کەرەی شەربەت و باکیان بەو پیشێلکاریانە نییە کە دەرەق بە ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان دەکرێت... هەموو ئەو نووسەر و ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانەش کە سیبەر و مۆڵەت پێدراوی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و بزوتنەوەی گۆڕان بوون، بێدەنگەیان هەڵبژاردوەو بوونەتە چاودێری سەرکوتی ئاشکرای سیاسی و ژێر پیخستنی کاری ئازادی ڕۆژنامەگەری... پیویستە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و ئازادیخواز لەبەرامبەر بەو پێشیلکاریانەدا بێنە مەیدان بەمەبەستی ئازادکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەو ریسواکردنی بیدەنگی حزبەکان و خیڵی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کرێگرتەو نان بەنرخی ڕۆژیان.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم ڕەچاوی ڕێنوسی زمانی ستاندارادی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بڵاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# لەیادی هاوڕێ "بەکر عەلی" تێکۆشەرو شاعیری بێبەشاندا



هاوڕێ بەکر عەلی شاعیر و رابەری ئاوارەو بێ خانەولانەکان... لە سالی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانیدا چاو بە دنیای زولم نابەرابەری هەلهێناوە. بەکر عەلی زۆر زوو زولمی چینایەتی ناچاری خەبات و وەستانەوەی دەکات، زۆر زوو لەبەرەی خەلکی هەژارو نەداردا دەوەستێت و دەبێتە هەلسوڕاوێکی چالاک و تێکۆشەری نا وتن بە دنیای سەرەوخواری پر ستەم و نابەرابەری سەرمایەداری. لەسالی ١٩٩٣ و لەگەل هاتنە ئارای مەسەلەی ڕوخاندنی خانوە بێ تاپۆکانی شاری سلێمانی هاوڕی بەکر وەکو رابەرێکی ماندونەناسی بەرگری لە هاولاتیانی ئاوارەو بێ خانەو لانە، دەردەکەویت و دەبێتە سیمایەکی خۆشەویست و ناسراوی ناو ئاوارەکان و خەلکی بێ خانەو لانە. دوای پشتیوانی لێبراوانەی یەکێتی بێکارانی ئەو کاتە لە خەلکی بێخانەو لانە، هاوڕێ بەکر و ژمارەیەکی بەرچاو لەخەلکی ئاوارەو بی خانەو لانە روو لە یەکێتی بێکاران دەکەن و بەکر عەلی ش دەبێتە یەکێک لە ئەندام و رابەرانی یەکێتی بێکاران. پاشان بەکر عەلی دەبێتە روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی بێبەشانی هەر جێگایەک کە ئەو هەلسورانی تیادا دەکات... هەر ئەمەشە بەکر عەلی دەبیتە یەکێک لە هەلسوراوی یاد و بۆنە کرێکاریی و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و یەکێک دەبێت لە وتار بێژانی ئاکسیۆنی شکۆداری یەکی ئایاری سالی ١٩٩٤ ی مەلعەبەکەی شاری سلێمانی..، لەو وتارەدا پەردە لەسەر زولم و ستەم و ژیانی ئاوارەیی هەلدەمالێت و رووداوەکاتە بەرپرسان کەهەموو جێگایەکی شاریان بەشێوەی نایاسایی پاوان و دەست بەسەردا گرتووە، کەچی گوشار دەهێنن بۆ سەر خیزانە ئاوارەکان کە لەناچاری و بەهۆی نەبوونیەوە خانوی لە گل و لە لەوح دروستکراویان کردۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان... لێبراوی و تیکۆشانی بەکر عەلی بۆ وەستانەوە بەرووی روخاندنی خانوە بیتاپۆکانی شارو حامیەی سلیمانی، رۆلی رابەری و پێشرەوی ئەو بەکر عەلی دەکاتە خۆشەویست و جیگا متمانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی و نەداران و خەلکی بێخانەو لانەو ئاوارە، هاوکاتیش دەبێتە چقلی چاوی ستەمکاران و تالانچیانی کوردایەتی... بۆیە جگە لە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی دەسەلاتدارانی سلێمانی، چەندین جار دەستگیری دەکەن و هەرەشەی کوشتنی لیدەکەن بۆ وازهێنان لەپشتیوانی و تیکۆشانی لە خەلکی ئاوارەو بیخانەو لانە...بەلام باوەری بەکر عەلی بۆ ئالوگۆر و باشترکردنی ژیانی هەژاران و نەدارانی کۆمەلگە، ئەو سورتر دەکات لە خەبات و تێکۆشان و گرتنەبەری رێگای ریکخستنی نارەزایەتی جەماوەری و رابەری کردنیان... تا لە رۆژی ١٩٩٤/٩/١دا، لەکاتی رابەریکردنی خۆپیشاندان و رێپێوانی ئاوارەو بێ خانەو لانەکانی حامیەدا، دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دوای ئەوەی بریندار دەکرێت، بەدەستی قارەمانەکانی کوردایەتی و پارێزگارەکانی پاریزگای سلێمانی ئەو کاتە، دەکوژرێت و دلە پڕ هیواو ئومێدەکەی لە جولە دەخەن... شایانی باسە بەکر عەلی تەنها رابەرو هەلسوراوێکی خەلکی کرێکارو هەژارو نارازی نەبوو، بەلکە ئەو شاعیرێکی هەست ناسک و یاخی و خۆشەویستی بوو... خاوەنی چەندین هۆنراوەی ناوازەو جوانە. و هۆنراوەکانیشی پڕن لە نیشاندانی نابەرابەری چینایەتی و رەخنە لە چینە داراکانی کۆمەلگە.

یادو بیرەوەری خەباتکارانەی بەکر عەلی، نەک هەر لەبیرناچێتەوە، بەلکو تا ستەم نابەرابەری هەبێت، تا بێکاری و گرانی و بێخانەو لانەیی بمێنێ... بەکر عەلی رەمزی تێکۆشانی ئەوانە و بیروەرییە خەباتکارانەکانی سەرمایەکی پر بەهایە بۆ تێکۆشەران و رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و داینەمۆی وزە بەخشە بۆ ئاوارەکان و خەلکی بێخانەو لانە... وە هۆنراوە ناسکەکانی، کە لێوان لێون لە راستگۆیی و خۆشەویستی، وەکو وێردی سەر زمانی عاشقان و خۆشەویست دۆستان بەزیندووی دەمێنێتەوە...

**بەرزو بەرێز بێت یادی هاوڕێی گیان بەختکردوو بەکر عەلی...**

# بەهۆی تیرۆری جاسوسێکی تورکیا، پارتی سزای بەکۆمەڵی ١٢ هەزار کەس دەدات

بەدوای ڕوداوی تیرۆرکردنی یەکێک لە پیاوەکانی میتی تورکیا لە لەشاری هەولێر لە بەرواری ١٧/٧/٢٠١٩ ، هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، مانگ و نیوێکە ئابلۆقەیەکی هەمەلایەنەو توندیان خستۆتە سەر کەمپی مەخمور کە زیاتر لە ١٢ هەزار کەسی وەکو پەنابەر تیادایە... پەنابەرەکانی کەمپی مەخمور ئەو ئینسانانەن کە بەناچاری بەهۆی سەرکوتی وەحشیانەی رژیمی تورکیاوە ئاوارەبوون و نزیکەی ٢٥ ساڵە ژیانی سەختی ئاوارەیی بەسەردەبەن. ئەو ئابلۆقەیەی پارتی خستویەتیە سەر ئەو کەمپە ژیان و گوزەرانی هەزاران ئینسانی خستۆتە مەترسیەوە. ڕێگای هاتووچۆ بۆ کەمپەکە راگیراوە،



لەوەش واوەتر هەموو پێداویستیەکی تەندروستیان لە کەمپەکە بڕیوە و دابینکردنی پێداویستی زۆرسەرەتایی هاولاتیان راگیراوە... تەنانەت دەرمانی ئەو نەخۆشانەشیان بڕیووە کە نەخۆشی بەردەوام و درێژخایەنیان هەیە و پیویستیان بە چاودێری بەردەوامی تەندروستی هەیە...

لەچوارچیوەی ئەم گەمارۆ درندانەیەدا، نزیکەی بە دوو هەزار کرێکار، ڕیگەی گەرانەوە بۆسەر کارەکانیان پێنادرێت و وە بەدیان خوێندکاریش ڕیگەی بەردەوامی خوێندنیان لێگیراوە...

لە پای تیرۆری جاسوسێکی تورکیا، پارتی سزای بەکۆمەلی ١٢ هەزار کەس دەدات. ئەم رەفتارو مامەلەیەی پارتی هیچی لە مامەلەی دەولەتی فاشیستی تورکیا کەمتر نییە کە بەرامبەر بە نەیارانی خۆی دەیکات... دانیشتوانی ئەم کەمپە بەهۆی رەفتاری پارتی و ئەو ئابلۆقە توندەی خراوەیە سەریان رووبەروی مەترسیەکی گەورە بوونەتەوە... پارتی کە بەتەواوەتی خۆی رادەستی سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی تورکیا کردووە، باکی بە ژیان و گوزەرانی خەلکی ئەو کەمپە نییە... ئەوەی جێگای ریسوایی زیاترە بێدەنگی حزبەکانی تری بەشدار لەحکومەت و ئۆپۆزیسیۆنە بودەلەکەیان و ئەو خێلە لەنووسەر و قەلەم بەدەستی نۆکەرە کە نوزەیان لەخۆیان بڕیووە... پارتی لەو مەئموریەتەیدا کە بەهۆی کوژرانی جاسوسێکەوە ئاوا سزای بەکۆمەلی کەمپێکی ١٢ هەزار نەفەری دەدات... بەلام لەبەرامبەر کوشتاری هاولاتیانی کوردستان لە رێگای بۆمبابارانی فرۆکەو تۆپبارانی بەردەوامی رژیمی درندەی تورکیاوە بێدەنگەی هەلدەبژێرێت.. ئەو سیاسەت و رەفتارەی پارتی پیویستە بەشکست بکێشرێت و بەزووی کۆتایی بە ئابلۆقەی هەمەلایەنەی سەر کەمپی مەخمور بێت... ئەوەش بەبێ هاتنەمەیدانی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان ناکرێت. بۆیە پیویستە خەلکی ئازادیخوازی کوردستان و هەر ئینسانێک کە دلی بۆ ئینسان لێدەدات هەرچی زووە کارێک بکەن کە پارتی دەست لەو سەرکوتگەریی و نۆکەرایەتیەی بۆ تورکیا هەلبگرێت.

**پێویستە دەست بەجێ و بێقەیدوشەرت گەمارۆی سەرکەمپی مەخمور هەلبگیرێت و ژیان و گوزەرانی خەلکی ئاسایی بکرێتەوە..**

# پێویستە سنورێک بۆ کوشتاری ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان دابنرێت!



ئاماری توندوتیژیەکانی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان

کۆی (٦) مانگی ساڵی (٢٠١٩)

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | ٥ | ٧ | ٢٨ | ١٨ | ١٧٥٤ | ١١ |
| دهۆک | ٧ | ١٣ | ٢١ | ١٠ | ١٢١٦ | ١٢ |
| سلێمانی | ٧ | ١١ | ٣٣ | ١٧ | ١٢٤٣ | ١٦ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٣٨٢ | ٣ |
| ڕاپەڕین | ٣ | ٠ | ١١ | ٦ | ٢٥١ | ٥ |
| سۆران | ٠ | ١ | ٥ | ٧ | ١٢٦ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٢٢ | ٣٢ | ٩٩ | ٥٨ | ٤٩٧٢ | ٤٧ |

**بەپێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا ٢١١ ژن کوژراون یان سوتێندراون.**

بەگوێرەی ئامارەکان، 22 ژن کوژراون، 32 ژن خۆیان کوشتووە، 99 ژن سوتاون و 58 ژنیش سوتێنراون. هەروەها، 47 ژنیش دەستدرێژی سێکسی کراوەتەوە سەر.

ئاماژە بەوەشدراوە، چوار هەزار و 972 سکاڵا لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە...

بێگومان ئەو ئامارە زۆر لە ئاماری واقعی توندوتیژی دژ بەژنان کەمترە... بەتایبەتیش ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بەشێک لە ژنان بەهۆکاری جۆراوجۆر ناتوانن یان ناوێرن ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان کراوە بەیان بکەن... وە زۆرێکی تر لە ژنان لەکاتێکدا بەهۆی ڕاکردن لەژیانی دۆزەخیان خۆیان دەسوتێنن، بە سوتانی ئاسایی لەقەڵەم دەدرێن... هەروەها ژمارەیەکی تریان کە دەکوژرێن لە ژێر ناوی جیاجیادا، دۆسیەکانیان دیزە بەدەرخۆنە دەکرێت...

دیارە ئەو ئامار و ڕاپۆرتە، دۆخی مەترسیداری ژنانمان بۆ دەخاتە ڕوو... ئەو ڕاستیە دەخاتەوە ڕوو کە هۆکارێک لە درێژەکێشانی کوشتن و خۆکوژی ژنان و تەنانەت جۆرەکانی تری توندوتیژی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تۆمەتبارانی ئەو دۆسیانە، سزای پێویست و یاسایی نادرێن و بکوژان ژنان ئازاد دەکرێن...

لە نزیک بە ٣٠ ساڵی ڕابردووی ژێر سایەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بە هەزاران و دەیان هەزار ژن بوونەتە قوربانی دەسەڵاتی پیاوسالاری، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسایی لێپێچینەوەو شانخاڵی کردنەوەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ماف و یاسا سەردەمیەکان، تۆمەتبارانی ئەو دەیان هەزار ژنە تیرۆرکراو ناچار بەخۆسوتاندندن کراو، دەستدرێژی کراو لێدان و سوکایەتی پێکراو... ئازاد کراون یان لە چوارچێوەی سولحی عەشایەریدا وەکو بەرزەکی بانان بۆ دەرچوون، هەر ئەوەش وای کردووە، کە کوشتنی ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان سنوری بۆ نەبێت و پیاوسالار و کۆنەپەرستان ئازاد بن لە کوشتنی ژنان و بە مەرگ سپاردنیان...

بۆ سنوردانان و ناچارکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەوەی کە بکوژ و تۆمەتبارانی توندوتیژی دژ بەژنان ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی بکرێنەوە، پێویستی بە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی ڕیزی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەیە کە شەقام بجوڵێنێت و دەسەڵات ناچار بە گۆڕینی یاسا دژە ژنەکان بە یاسای سەردەمی بکات و تۆمەتبارانیش ڕاپێچی بەردەم دادگایەکی سەردەمی بکات... ژن کوشتن و توندوتیژی دژ بە ژنان بە ئیمزاکۆکردنەوە، بەو ڕێکخراوانە ناکرێت کە موچە خۆری حزب و بەشێکن لە ئامێری حزبە دژە ژنەکان... وە بەو ڕێکخراوە "ئێن، جی، ئۆ" یانە ناکرێت کە لە ئۆفیسەکانیانەوە، جار ناجار ئامارێک ڕادەگەیەنن و کاریان وەرێخستنی چەند وۆرک شۆپ و کردنەوەی کۆرس و ...تاد.بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان و پێویستە بجوڵێت و دەست بۆ کاری ڕێکخراو و وەکاری شەقام جوڵاندن ببات...

دەسەڵاتی سیاسی کۆنەپەرست، باکی بە کوشتاری ژنان و توندوتیژی دژ بەژنان نییە، دەبێ بە زۆری هێزی ڕێکخراو و جەماوەری بەنەخشەوە ناچار بکرێت، هەنگاوی بەکردەوەی یاسایی و جدهەلومەرجی

!!کرێکارانی هاتوو لە عەرەبستانی سعودی

مارکس دەڵێت" کرێکاران نیشتمانیان نییە"

# هەلومەرجی کرێکارانی هاتوو بۆ عەرەبستانی سعودی

### ئامادەکردنی ئاراس ڕەشید

مارکس دەڵێت" کرێکاران نیشتمانیان نییە" ئەمەش بەڵگە نەویستە، لەهەرکوێیەک بن؛ لە وڵاتی خۆیان یا لەهەندەران، لەژێر چەوسانەوەی چینایەتیدان، ئەی ئەگەر لە عەرەبستان سعودیە بن!



ڕاپۆرتی ( چاوگەی ئەورۆی ناوین بۆ مافەکانی مرۆڤ) دەڵێت: هەزاران لە کرێکاری بیانی ئەو وڵاتەیان جێهێشت بەهۆی بڕیارێکی دەرکراو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کە تیایدا پێشێلکاری دیاری بەبەرنامەی تیدایە لە بەرامبەرمافەکانی کرێکاران، ئەمەش پێچەوانەی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانە.

ئەو ناوەندە کە بارەگا سەرەکیەکەی لە جنێفی سویسرایە، لە ڕاپۆرتەکەیدا بە ناونیشانی( کرێکاری لە سعودیە لە نێوان چەکوش پێشێلکاریەکان و دەزگای پێویستی)، پێشێلکاریە داڕێژراوەکان خراپبوونی هەلومەرجی ئینسانی و گوزەرانی کرێکاران، پاڵی بە هەزاران کرێکارەوە نا بۆ بەجێهێشتنی کارەکانیان و ڕۆیشتن لەو وڵاتە.

دەزگای ئاماری حکومەتی سعودی دەریخست، کە پاشەکشەیەکی زۆر هەیە ژمارەی کرێکارانی هاتوو، لە ١٢ ملیۆن لە ساڵی ٢٠١٧ دابەزیوە بۆ ١٠ملیۆن لەم ساڵدا.

ڕاپۆرتی ئەنجومەنی ماف دەریخست، ئەو بڕیارانەی کە زیادبوونی لە نرخی ڕسوماتی مانەوە بۆ کرێکار و ئەندامانی خێزانەکەی دەگرێتەوە، و سیاسەتی کۆچی زۆرەملێی پەیڕەودەکرد، یارمەتیدەر بوو لە خراپترکردنی هەلومەرجی ئینسانی و گوزەران و مافەکان بۆ ئەو کرێکارانە.

ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کرێیەی کرێکارێکی بیانی لە سعودیە لەوماوەیەدا وەریدەگرت، جگە لە نرخی ڕسوماتی مانەوە و پێداویستیە سەرەکیەکانی بۆ خۆی و خێزانەکەی بەشی شتی تر ناکات.

جەختیشی لەوەکردەوە کە نەبوونی چاودێری یاسایی دەسەڵاتی سعودی لەسەر ئەو دامودەزگایانەی کە کرێکاری بیانی بەکاردەخەن وایکردووە" ئەو پێشێلکاریانە زیاد بن، و وایشی لێکردوون ببنە نێچیرێک بۆ لایەنی جێبەجێکار لەناو سعودیە".

ڕاپۆرتەکە سەرنجی خستوتە سەر ئەوەی کە کرێکاران بۆ چەند مانگی دووردرێژ مووچەیان پێنەدرێت، ئەوە سەرەڕای سیاسەتی" کەمتەرخەمی بەئەنقەست" لەلایەن خاوەن کار بۆ" دانی وەرەقەی دەرکردن و دیپۆرتکردنەوەیان بۆ دەرەوەی وڵات". ڕاپۆرتەکە تیشکی خستە سەر هەلومەرجی گرتن و دەرکردنی کارێکارانی نا یاسایی، ئەوانەی مافی کارکردنیان لەسعودیە لە دەستداوە بەهۆکارێک کە پەیوەندی بەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەوانەوە هەیە کە کەفالەتیان کردوون بۆ تازەکردنەوەی کاروبارەکانیان و ڕێکخستنی کارە یاساییەکانیان.

ناوەندی ماف ڕوونیکردەوە کە سەدان کرێکار گیراون لە شوێنی ناشایستە، و بێبەشکراون لە سەرپەرشتی تەندروستی، سەرەڕای گرنگی نەدان بە هەلومەرجی تەندروستی بەساڵاچوان و منداڵ و نەخۆشەکان، سەرەڕای ئەوانەش خێزانەکانیان لەیەکتر جیاکردوونەتەوە.

ڕاپۆرتەکە بەکورتی دەڵێ: دەسەڵاتدارانی سعودی پێویستە بەجێبەجێکردنی سزادان بەمافی کرێکارانی بیانی- تەنانەت ئەگەر سەرپێچی ئەو ڕێسایانەشیان نەکردبێت. بەبێ ئەوەی پۆلێنیان بکات و مافەکانیان بەپێی ئەو ڕێسایانە پێبدات کە لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکانەوە پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون، کەتیایدا پەیوەستکراون بە مافی کرێکار لە مووچە و هەڵسوکەوتکردنی باش و نەگرتنیان و مافی چوونە بەردەم دادگا وبوونی پارێزەر بۆیان.

لەسەر ئاستی ژنان؛ ئەو ناوەندەی مافە، دەستەیەک لە پێشێلکاری دەستنیشانکردووە کە ژنان ڕووبەڕووی بوونەتەوە لەناو سعودیە، بەتایبەت ئەوانەی خزمەتگوزاری ناوماڵان دەکەن.

بەجۆرێک ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و تەعەدای فیزیکی بوونەتەوە لەلایەن خاوەن ماڵەکانەوە.

ناوەندی ئۆرۆی ناوین بۆ مافی مرۆڤ داوای کردووە کە پێویستە ئەو پێشێلکاریانەی کە کرێکارانی هاتووی کردوتە ئامانج ڕابگیرێت، لەسەروی هەموویانەوە سیستەمی کەفالە، کە ڕسوماتێکی زۆر بەرز دەخەنە سەر کرێکار کەبەرامبەر نییە لەگەڵ ئەو کرێیەی وەریدەگرێت.

لەهەمان کاتدا داوای لە دەسەڵاتدارانی سعودیە کردووە کە سیستەمی شکاتکردن کارابکەنەوە سزای خاوەن کارە سعودیەکان بدرێت کە پێشێلکاری مافی کرێکاری بیانی دەکەن کە لەلایان کار دەکەن.

## بنیاتنانی ئایندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە ...

# بەڵێ بۆ دادگایی کردنی ئەوانەی ئەشکەنجەو ئازاری منالأنیان داوە

نووسینی: عبدالرحمن رسول



منالأن ئەو مرقە ناسک وپەپولە ئاسایانەن کە منالی قۆناغی ئێستان، بەڵام بنیاتنەری داهاتووی کۆمەڵگەکانن، لەهەرکۆمەڵگەیەک مافی منالأن پێشێل کرا وئازارو ئەشکەنجەی منالأن دران، ئەوا داهاتووی کۆمەڵگە بەرەو دواکەوتوویی وکۆنەپەرستی مل دەنێ. منالأن ژیلەمۆیی ژیانی جوانییەکانی مرۆڤایەتین، هەرگیز ناکرێت لێیان بدرێت وتوندوتیژیان بەرمبەر ئەنجام بدرێت. ئەگەر ئازار و ئەشکەنجەش دران پێویست دەکات بەزوویی تۆمەتباران سزا بدرێن. مافەکانی منال بریتییە لە ئاسوودەیی و ئارامی و ژیانێکی خۆش و سەلامەت بۆیان ئەمەش ئەرکی حکومەت و دەوڵەتە کەچەندین یاسا سەبارەت بەدابینکردنی مافەکانی منالأن دەربکات و جێبەجێ بکات، چونکە پەروەردەکردنی منال و پاراستنی و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەو شارستانی وبەختیار بۆمنالأن داهاتووی کۆمەڵگە باشتر سەرکەوتووتر دەکات. مافی منالأن، واتە مافی مرۆڤی تایبەتە بەمرۆڤە پەپولەئاساکانی کۆمەڵگە، واتە دابینکردنی مافەکانی منالأن بە ئاوڕدانەوەیەکی تایبەت بە مافەکانی پاراستن و چاودێری کەسانی خوار تەمەن یاساییە. بەڵێننامەی ١٩٨٩ی مافەکانی منال منالێک بەم شێوەیە پێناسە ئەکات: "هەر مرۆڤێکی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ، مەگەر بەپێی یاسای تایبەت بە منال، گەیشتن بە تەمەنی یاسایی زووتر بگات..کەواتە بەچەند یاسا وڕێنمایەکی پێشکەوتوو مرۆڤایەتیانە مامەڵە لەگەڵ منالأن بکرێت، کەبەرەو کامەرانیان بەرێت. مافی منالأن ئەم مافانە بۆ منالأن لەخۆ ئەگرێ کە لە پەیوەندیدا بێت بە دایک و باوک و، پێناسەی مرۆڤایەتییەوە و هەروەها پێویستییە سەرەتاییەکانی پاراستنی جەستەیی، خواردن، فێرکاری گشتی، چاودێری تەندروستی، یاساکانی شیاو بۆ تەمەن و پێگەییشتنی منال، پاراستنی بەرامبەر لە مافەکانی مەدەنی منال، هەروەها ئازادی لە هەڵاواردنی منال بەپێی نەژاد، ڕەگەز، حەز و مەیلی سێکسی، ڕیشەی نەتەوەیی، دین، کەم ئەندامێتی، ڕەنگ، ڕەچەڵەک یان تایبەتمەندییەکانی تر، کەواتە ئێمە ئەبێت بۆ پاراستنی مافەکانی منالأن دوور بکەوینەوە لە بەکارهێنانی وشەی زبرو توندوتیژ وئەفکاری توندڕەوانە و دوورکەوتنەوە لەکوشتنی کەسایەتی منالأنە کەلەئەنجامی بەکارهێنانی لێدان وتوندتیژی وشکاندنی کەسایەتی منالأن بەرجەستە دەبێت. بۆ ئەوەی منالەکانتان دوربن لە حەسودی و ڕق و کینە و بوغز و توندوتیژی ڕۆژانە منالەکەت تێر بکەن لە خۆشەویستی ڕاستەقینە، لە ئامێزی بگرە و ماچی بکەن، ڕۆژانە (کاتێکی کەمیش) بێت تەرخانی بکە بۆ منالەکەت و خۆشەویستی پێ ببەخشە. ئەمەش ڕینمایی دەروونناسەکانە واتا: ببە هاوڕێی و دەس بەسەریا بێنە و یاری بۆ بکە و ماچی بکە و خۆت بکە هاوتەمەنی وەک تێگەشتنێک لە ژیانی و پڕکردنەوەی ژیانی منالی منالەکەت بۆ ئەوەی چێژێکی تەواو لە منالی خۆی ببینێت، پاشان ئەو منالە کە گەورە بوو قەت لێی مەترسە و دەبێتە مایەی شانازی بۆ خۆت و بۆ کۆمەڵگەکەت. پرسیار ئەوەیە ئایا لەکوردستان لەناو خانەو لانەکانی منالأنی بێ سەرپەرشت بەم جۆرە ڕەفتار کراوە؟ بێگومان بەپێی دیبەتەکەی تەلەفیزیۆنی ڕووداو نەخێر بەو جۆرە نەبووە، بەڵکو لێدان وئەشکەنجەو ئازاری منالأن هەبووەو هەیە. بەپێی زانستی دەروونناسی وکۆمەڵناسی بێت هەر منالێک تا تەمەنی ١٦ ساڵی کە کۆتایی تەمەنی گەشەی ژیرییە ١٠٠ زلەی بەرکەوتبێت وەکو ئەوەیە ١٠٠ جار تەزوی کارەبا دابێت لە سەری و ئەگەری زۆری هەیە کە توش بێت بە نەخۆشیە عەقلیەکان و شلەژانی دەماغ یان دەستبەجێ یان شوێنەواری دوای تەمەنی چل ساڵی دەردەکەوێت (نمونەی منالی چوار ساڵ دەزانم کە یەک زلە کوشتویەتی هەروەها منالی ١٠ساڵ دەزانم یەک زلەی لێدراوە توشی ئیفلیجی دەماغ وجەستەی بووە دواتر چارەسەری لەوڵاتانی ئەوروپاش بۆنەکراوە دواتر لە تەمەنی ٢٨ساڵی مردووە .. ) . ئەزیزان بەکارهێنانی توندتیژی کاریگەری سلبی زۆرە بۆسەر دەروون و جەستەی منالأن بۆیە پێویستە دووربکەونەوە لەئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر منالأن. لە داهاتوودا ئەو منالأنە دەبنە دایک و باوک ومامۆستاو دکتۆر وفەرمانبەرو...هتد کۆپیەک دەبێت لە تۆی تاوانکار و گوتار و کردار و ڕەفتارەکانت بۆماوەیی دەکات لە نەوەکانیدا کەواتە دەبێت لەگەڵ پاراستنی مافەکانی منالأندابین. ئەمانەی سەرەوەو وزۆر زیاتر و باشتریش تایبەت بەپاراستن و دابینکردنی مافەکانی منالأن نووسراوەو گوتراوە، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوێست لەسەرکردنە کە لەناو فەرمانگەیەکی حکومی ودەوڵەتی دا ئازارو ئەشکەنجەی منالأن و نەوجەوانان بدرێت. ئەمە ئەوەیە جێگای هەڵوێست وەرگرتنە کە منالأنێکی هەژارو بێسەرپەرشت، لەشاشەی تیڤی دەڵێن لەلایەن بەڕێوەبەر و فەرمانبەری بنکەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کورستانەوە قاچیان داخکراوە و بەزللە لێیان دراوە و بە زۆر پێیان گووتون دەبێت هاوسەرگیری بکەن کەتەمەنیشی خوار١٨ ساڵە، بەزۆر بەبێ خواستی خۆیان دەریان کردوون، هەروەها دەڵێت سێ ڕۆژە نانم نەخواردووە و شوێنم نەبوو لێ بخەوم ونەم زانیوە بۆ کوێ بچم و کەسم نییە، دواتر برا کەورەگەشیان بەهۆی شەڕو کێشەوە بۆتە قوربانی. هەموو ئەوانەو بەڵکو زۆر زیاتریش بە گوێی خەڵکی کوردستان و بەرپرسەکانی باشووری کوردستان و ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافی مرۆڤ و مافەکانی منالأن و ڕێکخراو و حیزبەکان ورۆژنامەنووس و نووسەر و ڕۆشنبیرو و سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و کوردانی تاراوگەو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وکەنەدا دەدات. ئەم قسانە لەبەرنامەی (دیبەیت) لەکۆتایی مانگی ٨ی ٢٠١٩ لە کەنالی ڕووداو خرایە ڕوو، کۆمەڵێک مندال و نەوجەوان باسیان لەخراپی ژیان وگوزەرانیان دەکرد، باسی ئازار و ئەشکەنجەکانیان دەکرد کەبەرامبەریان ئەنجامدراوە لەناو خانەو بنکەکانی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا. هەمووڵایەک باش دەزانێت کە ئەرکی وەزارەتی پەیوەندیدار و و دادوەری گشتییە کە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی ورد دەست پێبکات و کەسانی کەمتەرخەم و خەتابار لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت. سزای ئەو بەڕێوبەرو فەرمانەران بدرێت کە ئازارو ئەشکەنجەی منالأنیان داوە، بەڵام گرفتەکە گەورەتر ئەوەیە زۆر زۆر بەداخەوە کەمترین هەڵوێستی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازی نییە کە داوایی دادگاییکردن و بەسزاگەیاندنی ئەوکەسانە بکرێت کە ئازار وئەشکەنجەی ئەومنالە هەژارانەیان داوە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر منالی هەژاران نەبوونایە هەرگیز بەو جۆرە نەدەبوون و بەم جۆرەی ئێستاش خەڵکی کوردستان و بەناو ئازادیخواز ومرۆڤدۆست و بەناو ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافەکانی منالأن و مافەکانی مرۆڤ و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرو ئەندام پەرلەمان و داواکاری گشتی گوێیان لەم هاوارو ئازار و نالەی منالأنی هەژاری کوردستان کاس و کەڕ نەدەبوو. ئەگەر هەژار نەدەبوون گوێ بیستی چەندین کەمپەین و ئیمزا کۆکردنەوە بۆدادگایی کردن و بەسزاگەیاندنی ئەو تاوانبارانە دەبووین، داواکاری گشتی و بەناو ئازادیخوازەکان و مرۆڤ دۆستەکان دەکەوتنە بانگەواز بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ سزادانی تاوانبارانیان. بەڵام هەر ڕۆژەی زووترو دەست پێبکرێت هەرکەمە بەتێکۆشانی هاوبەشی فراوانی یەکگرتووانەی مرۆڤ دۆستانەو ئازادیخوانە بۆ سزادان و دادگاییکردنی ئەوانەی ئازارو ئەشکەنجەی ئەو منالەیان داوە. لێرەوە دەمەوێت سەرنجی کۆمەڵگە بە گشتی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و منال دۆست بەرگریکارەکان لە منالأن و مافەکانیان رابکێشین کە دژی ئەم تاوانە قێزەونە بێدەنگ نەبن و بەشێوەی گونجاو و کاریگەر هەوڵ بدەن بۆ فشارخستنە سەر حکومەت تا ڕێگا بەتێپەڕکردنی ئەم تاوانە نەدات. بێدەنگ بوون لەئاست ئەم جۆرە تاوانە شەرمەزارییە بۆهەموو ئەوانەی کەخۆیان بەدڵسۆزی مافی منالأن و مافی مرۆڤ دەزانن. و ڕۆژانە پڕوپاگەندەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ ومافەکانی منالأن دەکەن. هیوادارم لەڕۆژانی داهاتوو چەندین کەمپەین وناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لەکوردستان و لە وڵاتانی تر دەست پێبکات و ئەنجام بدرێت بۆ فشارخستە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی سەرجەم ئەوکەسانەی کە ئازارو ئەشکەنجەی ئەومنالأنەیان داوە دادگایی بکات وبەئاشکرا سزابدرێن... دەبا یەکەوە ئەم جارە لەتێکۆشانی یەکگرتووانەی هاوبەشدا بەیەک دەنگ بڵێن نا بۆچەسانەوە و ئەشکەنجەو ئازاردانی منالأن. بەڵێ بۆ دادگاییکردن وسزادانی ئەوانەی ئەشکەنجەو ئازاری منالأنیانداوە لەناوخانەی بێ سەرپەرشتانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** هەموو ئازاردانێکی منالأن لە خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگەدا بەگشتی قەدەغەیە...**

*** سزادانی جەستەیی و گوشارو ئازاردنی دەرونی و ترساندنی منالأن قەدەغەیە...**



## پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com



# تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت

**نووسینی: شوانە حەسەن**

تۆڕی کۆمەڵایەتی دەستەیەکی کاراکتەری بەهێزە لە کۆمەڵگە. دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە نووسراو و بینراو و بیستراو یاخود پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێتی توانای ئاگادارکردنەوە و ڕەخساندنی بوار بۆ دیبەیت و تاوتوێ. بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی فەرمانڕەوایەتی و دروستکردنی ئایدیۆلۆژیا و کەلتوور بۆ بڕیاردان. بەهەمان شێوە، میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و گۆڕینی بۆچوونی خەڵک دەربارەی ڕۆڵی جێندەر و بیرۆکەی شەڕەف. بەجۆرێک، میدیا دەسەڵاتی چوارەم پێک دەهێنێت. چۆنیەتی بەکارخستنی (بەگەڕخستنی) ئەم دەسەڵاتە گرنگی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لەو سنوور و لەمپەرانەی کە خراونەتە بەردەم تێکۆشانی ئافرەتی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی جێندەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لە ماوەی دەیەی ڕابردوو، تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێ کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر ژیانی تاکەکان لە کوردستانی عێراق، لە دروستکردنی پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان خەڵک. میدیای ئینتەرنێتی، کە گشت جۆرەکانی بڵاوکراوە و کارلێکەکانی سەر ئینتەرنێت لە خۆدەگرێت، کاریگەری دووتوێیان هەیە لەسەر ئافرەتان. لە لایەکەوە، بۆشاییەکی نوێیان بۆ ئافرەتان دروستکردووە بۆ گەیشتن بە جیهانی دەرەوە و بەشداربوون لە جۆرێکی تری کارلێککردن. لە ڕێگەی ئەم بۆشاییە نوێیە و جۆری پەیوەندیەوە، ئافرەتان توانیویانە بێدەنگی بەرامبەر توندوتیژی جێندەری بشکێنن، لە نێویاندا تاوانەکانی لە ژێر ناوی شەڕەف، وە توانیویانە ئەو جوگرافیایە تێبپەڕێنن کە تێیدان، بەشداری بکەن لە دیبەیتی ئینتەرنێتی و دروستکردنی تۆڕی هاوسۆزی و بەشداریکردن لە سکاڵانامە و کامپەینی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، لەسەرووی هەمووشیانەوە کارێکی وابکەن کە دەنگیان ببیسترێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەم جۆرە نوێیەی پەیوەندی و کارلێککردن ئافرەتانی ڕووبەڕووی ئاستەنگی نوێ کردۆتەوە، کە بە پشتبەستن بە بنەمای شەرەفەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێیە بۆشایی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی پێکهاتەیی و نەریتە کەلتووریەکان و شێوازی باوکسالاری کارلێککردن کە بۆتە هۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای شەڕەف.

بەهەمان شێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی "کاراکتەری نەناسراو" کە یاری لەسەر بنەمای شەڕەف و هاوکێشەی شەڕەف و لەکەدارکردن دەکەن. دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل بونەتە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و ئارەزوویەکی بەهێز بۆ قسەوقسەڵۆک و ویست بۆ "لەکەدارکردن". ئەوە گرنگ نییە کە ئەو ڕاپۆرتانە ڕاست بن یاخود ناڕاست، کێشەکە ئەوەیە هەبوونی بابەتێکی لەو چەشنە لە فەزای گشتی، ژیانی ئەو ئافرەتانە دەکەونە مەترسیەوە، لەنێویاندا کوشتن لە ژێر ناوی شەڕەف.

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژیە بوونەتەوە بریتین لە کەسایەتی دیار، کە متمانەی خەڵک پێیان و وێناکردنیان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەی گشتیان. لە کۆمەڵگایەک کە ئابڕوو و متمانەی خەڵک بەرچاوترین سەرمایەیە بۆ ئافرەت، دوورنییە کە ئەو ئافرەتانە و خانەوادەکانیان دەخرێنە ژێر فشاری بەکۆمەڵ کە لەوانەیە بە گۆشەگیرکردن، خۆکوشتن وە تەنانەت کوشتن کۆتایی بێت لەوکاتەی کە ئەندامە نێرەکانی خانەوادە بڕیاری پاککردنەوەی شەڕەفی خێزانەکەیان دەدەن.

"یاریەکە" بڵاوکردنەوەی وێنەی 'لەکەدارکەر' و 'دەستکرد' و ڤیدیۆی ئافرەتان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل لەخۆدەگرێت، وە نووسینی ڕاپۆرت و بابەتی ناوزڕێنەر لە دژیان لە خۆدەگرێت کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە، هاککردنی هەژمارە تایبەتیەکانیان لە تۆڕی فەیسبووک و ئیمەیلەکانیان و بڵاوکردنەوەی داتا نهێنیەکانیان و هەڕەشەلێکردنیان و بەدواکەوتنیان و بەکارهێنانی چەوساندنەوەی سایکۆلۆژی و سۆزداری. لە ڕووی سیاسەتێکی وردی گەوجاندن (دیمەگۆجی)، دەیانەوێت هەستی خەڵگی گشتی بوروژێنن، توڕەیان بکەن و هانیان بدەن بەرامبەر بە ئافرەتان.

ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی بریتیە لە بەگەرخستنی هێز، خستنی ئافرەت بۆ ژێر سیستەمی کۆنترۆڵکردن و چاودێری و پەلاماردان و تۆقاندن. بەهەمان شێوە، ئەم جۆرە هێرشانە بەشێوەیەکی سەرەکی ئافرەتانی بەرچاو لە کایەی سیاسی و میدیا و چالاکوانان دەگرێتەوە، ئامانج لێی بێدەنگ کردن و پەراوێز خستنیانە. لە کۆمەڵگەیەک کە شەڕەف و ئابڕوو بە بەهاترین سەرمایەی ئافرەت ئەژمار دەکرێت، ئامانجی سەرەکی هێرشبەرانی تۆڕی ئینتەرنێتی بریتیە لە لەکەدارکردنی هەمیشەیی و ئابڕووبردن، کە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی کوشتن، بەشێوەیەکی سیمبوڵی یاخود ڕاستەقینە.

ئەو بارودۆخە چالاکوانانی مافەکانی ئافرەتانی سەرقاڵ کردووە بە ڕێکخستنی کامپەین لە دژی ئەم جۆرە کردارانە و داخوازی کردن لە دەسەڵات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری نوێ بۆ پاراستنی ئافرەتە بەئامانج کراوەکان. لە ساڵی ٢٠٠٨، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ [قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن] پەسەندکرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوزڕاندن و خراپ بەکارهێنانی ئامرازە نوێکانی پەیوەندیکردن. ئامانج لە یاساکە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنە، بەتایبەتی ئەگەر ببێتە هۆی لەکەدارکردن و پێشێلکردنی "ژیانی تایبەتی" کەسەکان و دروستکردنی مەترسی بۆسەریان. بەڵام، توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، هەمووکات بەدۆکیومێنکردنی بەڵگەی لەم جۆرە چەوساندنەوەیە و جوڵاندنی پۆلیس و دادوەری بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری چەوساندنەوەی ئینتەرنێتی بوون، ئاسان نییە. بەدەنگەوەهاتنی دەسەڵاتەکان، لەسەر هەردوو ئاستی یاسادانان و پۆلەسی، بۆ ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی ئینتەرنێتی چڕوپڕ نەبووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەش دەردەخات کە میدیا لە کوردستان نەیتوانیوە ستراتیژیەتێکی پەرەسەندووی یەکسانی جێندەری پەیڕەوبکات بۆ لەخۆگرتنی ڕێکاری میدیایی پرۆفێشناڵ بەستانداردی نێودەوڵەتی، لەنێویاندا ئیتیکی پیشەیی و بابەتی بوون، دروستی و یەکسانی لە ڕووماڵکردن و خۆ بەدوورگرتن لە ڕووماڵی دراماتیکی و باوک سالاری کە دەبێتەهۆی بەهەرمهێنانەوەی توندوتیژی...

## دادگای ئینقلابی تاران سزای 55 ساڵ زیندانی بۆ سێ ژنە چالاکوان دەرکرد، کەدژی حیجابی ناچاری وەستابوونەوە.

ئاژانسی هراناى ئێرانی بڵاویکردوەتەوە:" هەریەک لە یاسمین ئاریانی، موژگان کشاوەرز، منیرە عەرەبشاهی، کەپێشتر نارەزایەتیان دەربڕیبوو لەبەرامبەر حیجابی ناچاری لەلایەن دادگای ئینقلابی تارانەوە سزادران.

سزاکەیان کۆی 55 ساڵ بۆ هەرسێکیان دەرکراوەو دادگاییەکەشیان بەبێ ئامادەبوونی



پارێزەربووەو تاوانەکەشیان تێکدانی ئاسایشی میللی و گەندەڵی و کاری ئابڕوبەرانە هاوکات تۆمەت خستە پاڵ کۆماری ئیسلامییە... رژێمی هارو درندەی ئیسلامی ئێران، بۆ بەرگرتن بە رەوتی رووڵەپشی لەناوچوونی رژێمەکەی دەست لەسەرکوت و گرتن و زیندان، هەڵناگرێت، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەو راستیە بەیان دەکەن کە ئەم رژێمە رووی لە مەرگ و تیاچوونە.... **شوانە حەسەن**

## قوربانیانی توندوتیژی و نامووس پەرستی...

بەرواری ٢١/٨/٢٠١٩ ژنێکی تەمەن چل و پینج ساڵ لە شاری قەڵادزی کە خاوەنی پینج مناڵە، لە ڕێگای خۆ خنکاندنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە... دەوترێت باری تەندروستی جێگیر!! نەبووەو پەڕاو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە.




بەرواری ٢٥/٨/٢٠١٩ تەرمی ئەو کچەی ناحیەی دێرەلوکی پارێزگای دهۆک دوای ئەوەی ٦٨ ڕۆژ پێشتر خۆی فڕیدابوو روباری بلێ دۆزراوەتەوە بەناوی" ه. ف" تەمەنی تەنها ١٦ ساڵ بووە. دەوترێت پەڕاو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە.

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا**



لەوێ،
لەناو تەمومژی جوانیی
تۆدا
خودام بینی !
بینیم کە چۆن،
لە هەناسەت شنەبا و
لە لێوەکانت باران و
لە گەردنت گۆی زەویی و
لە شوێنپێت کانیاوی
خوڵقاند ..
بینیم کە چۆن،
لە ویقارت کێوەکان و
لە پەرچەمت دارستان و
لە چاوەکانت ڕووناکی و
لە ئەبرۆت پەلکەزێڕینە و
لە برژۆڵەت تیشکی خۆر و
لە بیلبیلەت ئەستێرە و
لە گۆنات هەسارەکان و
لە خەندەت ئاگری
خوڵقاند ...

**ئارام حەسەن**

**Aug/2019**

## بەشیکی تر لە دەقی
## ئەمەوێت دەستێك لە مردن ڕاگرم

خەوتوم و
پێکەنینم بەشکاوی
لێدەکەوێتە
خوارەوە
دایکم بەچاوێکی
پڕلەگریانەوە
دەستێك دەخاتە ژێر سەرم
و
پێمدەڵێت کوڕم
سەرت بگرە بەدەستەوەو
لەم وڕێنە زل زلانە
دەرچۆرە دەرەوە
.............
خەوتوم و
گیرفانی کراسە شینەکەم
پڕ پڕە
لەهەناسەی کچە ئەتك.
کراوەکانی ئەم نیشتیمانە
بێ سەرو بەرە
خەوتوم و
دڵم لەسەر مێزی
مەیخانەیەك
لێ بەجێماوەو
پیاوە
سمێڵ زلەکانی ناو. هۆڵی
ئەم پەرلەمانەش
دەستیان لەناوگەڵیانایەو
داڵغەیان لای ترازاندنی
سوخمە ماتەکانە
...........
خەوتوم و
دەستێکم خستۆتە ژێر
سێبەرەکەی خۆم و
دەستێکیشم
بەتابوتەکەمەوە
هەڵواسیوە
ئەم بۆنە هەراسنم دەکات
ڕقم لەپاسەوانەکانی
بەردەرگای ماڵی سەرۆکە
خەوتوم و
سەرم لێ بۆتە
شارەمێرولەو
دایکیشم زو زو بەتانێکە
لەسەرم لادەدات و
پێ دەڵێت
ئەرێ کوڕم تۆکەی واز لەم
بۆڵە بۆڵە دەهێنیت
ئێ هیچ نەبێت بەزەییەکت
بەم پرچە سپیانەی
مندابێتەوە
دەزانم پاسەوانەکانی
سەرۆك
دڕن دڕ
............
خەوتوم و
خەو بەخۆمەوە دەبینم
لەخەوما
هەموو جەستە م پارچە
پارچە
کراوەو
هەر پارچەیەکم بەدەم
گورگێکەوەیە
ئەم گورگانە بێزارم دەکەن
پەنجەرەیەك نەما لەسەر
خۆم
داینەخەم و
چرایەك نەما بەدزی
ڕەشەباوە
دای نەگیرسێنم
............
خەوتوم و
خەو بەخۆمەوە دەبینم
دایکم زو زو
سەرم لادەبات و. پێم
دەڵێت
کوڕم تۆکەی لەکەلی
شەیتان دێیتە خوارەوەو



ترسی سەرۆك قاوەیەکم
لەگەڵ دەخۆیتەوە
خەوتوم و
خەو بەخۆمەوە دەبینم
هاوڕێکانم بەچرپە لەگەڵ
یەکتری قسەدەکەن و
پەرلەمان تارێکیش
بەپاسکیل دەڕوات
بۆپەرلەمان
.........
خەوتوم و
بۆگەنی ناوهۆڵی ئەم
پەرلەمانە
دەهری کردوم
شەڕ بەخۆم دەفرۆشم
لەسەر تابوتەکەی خۆم
دێمە خوارەوەو
بەدەنگە گڕەکەی
خۆمەوە
بەسەر خۆمدا دەنەڕێنم و
دەڵێم بۆگەنی ئەم هۆڵە
شێتی کردوم
خەوتوم و
خەو بەخۆمەوە دەبینم

**میرزا ١٣/٨/٢٠١٩**

## هەڵاڵەی شیعر

ڕێگە بدە بـا شیعرێکت بۆ بنوسم
بتخەمە ناو ئەو دێڕانەی کە تـا ئێستە کەس نەیبیستون
ئەو حەرفـانەی کەس نەیان ناسیون و
بەدڵی هیچ پیـاوێکدا نەهاتوون
ڕێگە بدە بەدەم نەشئەی عەسرانێکی بەهارییەوە
بتگێـڕم بەباڵای شیعرێکی ( نـالی) دا
وەکو (گۆران) لە لای گۆمێکی لیخن
جواناوی مانگت پیـا بچۆڕێنمەوە
بـوارم بەرێ وەکو شیعرەکانی ( حەکیم میرزا)
( خۆم لەخۆمدا کۆکەمەوە )
(خۆم قەدکەم بەجانتای شانتەوەو
قەد بیم تا مەسیح ئەگەڕێتەوە )
کەمێ کـاتم بەرێ
تـا وەک هەڵاڵەکـانی شارباژێر
شاخە ڕووتەڵەکانت بۆندارکەم بە گوڵ
بهێڵە بـا ژەنگە سورەکان ڕابێنم
توخنی ئەو میوە ئـاودارانە نەکەون
کە تۆ مەیلت بۆیـان دەڕوا
بهێڵە بـا پایز شین بچێتەوە
زستان بەفر بە گەزۆی سەرنجتەوە ببارێنێ
هاویـنیش بە کزەی سەرماوە خەوت لێبکەوێ
ڕێ بدە بـا هەموو وەرزێکیش بەهاربێ



ن : عوسمان قادر نادر
سلێمانی . 2019

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح

**کاتێک" شەرم" "خەجاڵەت دەیگرێت" لە کارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ نۆژەنکردنەوەی تونێڵی دەربەندیخان**







## بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

### ڕاپۆرت: جیهان لەسەر لێواری قەیرانێکی خۆراکیدا کە هەڕەشە لە ٨٠٠ ملیۆن کەس دەکات!



ئەنجومەنی حکومی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری گۆڕانی کەشوهەوا( IPCC ) هۆشداریدا کە گۆڕانکاری ئاو و هەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی خۆراک لەسەر ئاستی جیهان.
ئەنجومەنەکە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لە ١٤٠٠ لاپەڕە پێکهاتبوو، و تێیدا کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای لەسەر سیستەمی خۆراکی جیهانی خستبووە ڕوو.
ڕاپۆرتەکە ئاماژەی دابوو بەوەی کە نیوەی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا پشتبەستوون بەو ئاوەی کە سەرچاوەکەی بەفری زنجیرەچیای هیمالایە. ئەو بەفرە زۆرگرنگە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام لەئێستادا بەرێژەیەکی بەرز دەتوێتەوە. لەکاتی نەگرتن بەری ڕێوشوێنی ریشەیی بۆ پاراستنی، ئەوا بەماوەیەکی دیاریکراو لەناودەچێت. ئەمەش دەبێتە هۆی قەیرانێکی خۆراک بۆ ٨٠٠ملیۆن کەس.
سەبارەت بە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، بەبیابان بوون هەڕەشە لە کشتوکاڵ دەکات، بەتایبە لە سوریا و عێراق. لەوانەیە ناوچەیەکی فراوان بگۆردرێت بۆ زەویەک کە بەتەواوی بۆ کشتوکاڵ نەشێت. ئەم دیاردەیە هەڕەشە لە ئەوروپای باشوور و چین و ویلایەتە .یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش دەکات
زاناکان ئاماژە بەوە دەکەن لە کاتی پلەی سەدی ١بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی دانەوێڵە لەژێر سایەی ئەو . ١٠٪ بەرێژەی بەرزبوونەوەیەی ئێستای پلەی گەرمای دنیادا، لە کۆتاییە ٤٠٪ بەرهەمی دانەوێڵە بەرێژەی .ئەم سەدەیە کەم دەکات
ئەنجامگیری ڕاپۆرتەکە دەڵێ؛ گۆڕانی کەش وەهەوا برسێتی و کەمخۆراکی و کەمی گەشە لە .منداڵان زیاد دەکات

### بۆچی ناڕەزایەتیەکان لە هۆنک کۆنگ هەڵگیرسا؟

هۆکاری ناڕەزایەتیەکان؛ هێنانی پرۆژە یاسایەکە بۆ پەرلەمان لەسەر ڕادەستکردنەوەی تاوانباران، لەو پرۆژە یاسایەدا بۆ دەسەڵاتدارانی هۆنک کۆنگ هەبوو کە گومانلێکراوێک بنێرنەوە چین بۆ دادگایی کردن.
سەرەڕای هەلپەساردنی پرۆژە یاساکە، بەڵام ناڕەزایەتیەکان لەفراوانبوونەوەدا بوون، و بەرەو بزووتنەوەیەکی چاکسازی دیموکراسی



گۆڕا لە هەرێمەکە، هەروەها داواکرا کە لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی وەحشیانەی پۆلیس لە بەرامبەر خۆپیشاندەران بکرێت.
بەپێی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان؛ یەکشەممەی ڕابردوو ٢٥ی ئاب نزیکەی ١,٧ ملیۆن کەس لە ناوەڕاستی هۆنکۆنگ بەشداریان کرد لە خۆپیشاندان بۆ پشتیوانیکردن لە دیموکراسی. لەکاتێکدا پۆلیس گووتی کە ژمارەی بەشداربووان تەنیا ١٢٨ هەزار کەس بووە. هەروەها ناڕەزایەتی پێشووتر لە فرۆکەخانەی هۆنک کۆنگی نێودەوڵەتی، هەروەها شوێنە گەشت و گوزارەکانی شار بووە.
ناڕەزایەتیەکانی هۆنک کۆنگ و خشتەی کاتی بۆ هەڵکشانی نائارامیەکان:
سێی نیسان: بۆ یەکەمجار حکومەتی هۆنک کۆنگ پرۆژە یاسایەکی پێشکەشکرد کە تێیدا بتوانێت گومانلێکراو لە بکەری تاوانێک ڕادەستی چینی بکات بۆ دادگایی کردن.
نۆی حوزەیران: نزیکەی نیوملیۆن کەس ڕێپێوانیان کرد بەرەو بارەگای حکومەت بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر ئەو پرۆژە یاسایە.
دوانزەی حوزەیران: بۆیەکەمجار پۆلیس غازی فرمێسکاوی و گوللەی پلاستیکی لەبەرامبەر خۆپیشاندەران بەکارهێنا.
شانزەی حوزەیران: نزیکەی ٢ ملیۆن کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و داوایان لە سەرۆکی هۆنک کۆنگ کاری لام کرد بۆ کێشانەوەی پرۆژە یاساکە. کە ڕۆژی پێشتر بەڵێنیدابوو دوایبخات بۆ کاتێکی نادیار.
بیست و یەکی تەمووز: کۆمەڵێک پیاو بە پۆشاکی سپیەوە هێرشیان کردە سەر سەرنشینەکان لە وێستگەی میترۆ و تونێڵەکانی میترۆ. لەهەمان ڕۆژدا خۆپیشاندەران هەڵسان بە تێکدانی نوسینگەی پەیوەندیەکانی چینی لە هۆنک کۆنگ.
سێی ئاب: خۆپیشاندەران ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە بوون لەگەڵ پۆلیس و لەبەرامبەر گازی فرمێسکاوی گوللەی پلاستیکی، ئەویش بە لەسەرکردنی دەمامکی پارێزگاریکردن لە گاز.



یانزەی ئاب: هێرشی پۆلیس بۆسەر وێستگەکانی شەمەندەفەر و تەقەکردن بە گازی فرمێسکاوی.
دوانزەی ئاب: کۆبوونەوەی ناڕازیان لە فرۆکەخانە. دانپێدانانی پۆلیس بە بڵاوەپێکردنی ئەفسەر لەکاتی خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی پێشووترەوە.
بیست و پێنجی ئاب: بەکارهێنانی تۆپی ئاو بۆیەکەمجار و هاویشتنی گوللەی ئاگادارکردنەوە. خۆپیشاندەرانیش بەهاویشتنی شتی وەک قونبەلەی لە بەنزین دروستکراو وەڵامی پۆلیسیان دایەوە.

### ژنانی مەکسیک دژ بە لاقەکردن خۆپیشاندان دەکەن.

لەژێر دروشمی (ئەوان نامانپارێزن، ئەوان لاقەمان دەکەن)، ١٦ی ئاب ژنانی مەکسیکی ڕێپێوانێکی گەورەیان ڕێکخست. خۆپیشاندەران دژ بەلاقەکردنی کچانی پێنەگەیشتوو لەلایەن پۆلیسەوە هاتنە سەر شەقامەکان. هەزاران لە ژنان لە پایەتختی مەکسیک دەستیانداية خۆپیشاندان دژ بە دیاردەی لاقەکردنی هەزاران لە کچانی پێنەگەیشتوو لە کۆمەڵگەی مەکسیکی. بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژانە ٩ ژن بەهۆی توندوتیژی پیاوانەوە دەکوژرێن. هەندێک ڕاپۆرتی دیکە باس لەوەدەکەن کە پتر لە ٤٠ ٪ ی ژنان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ئەم ژمارە بۆ ٩٦٪ بەرزدەبێتەوە لە پایەتختەکەی مەکسیکۆ سیتی.
ئەم خۆپیشاندانە دوای ئەوەهات کە ژمارەیەک لە ژنان ئاشکرایان کرد کەلەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەر و لاقە کراون. ئەم قسانە ترس و دڵەڕاوکێی زۆری خستە ناو فەزای گشتی و دڵەڕاوکێ لە وەستانیان لە چوون بۆ خوێندن و خوێندگا، کەئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دیاردەی نەخوێندەواری لە ڕێزی ژناندا.

### تەنها چوار ڕۆژ کارکردن لە هەفتەدا

جێگری سەرۆکی دۆما( پەرلەمان)ی ڕووسی ئەندریە ئاساییف ڕایگەیاند کە حزبی دەسەڵاتدار لە ڕووسیا( ڕوسیای یەکگرتوو) پشتیوانی پێشنیارێکی تازە دەکات لە کەمکردنەوەی ڕۆژانی کارکردن لە هەفتە بۆ تەنیا ٤ ڕۆژ.
ئەو پەرلەمانتارە پلە بەرزەی ڕووسی ئەوەی زیادکرد کە کەمکردنەوەی ڕۆژێکی کار لە هەفتە، دەرفەتی زیاتر دەداتە فەرمانبەرانی ڕووسی بۆئەوەی کاتێکی زیاتر لەگەڵ خێزانەکانیان بەسەر بەرن و دەرفەتێکیشە بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، بەبێ ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر نرخی داهاتی مانگانەکەی. لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا، چاوەڕواندەکرێت کە ڕێژەی بێکاری کەم بێتەوە.
ئاساییف ئەوەشی زیادکرد؛ جێبەجێکردنی خشتەی کاری تازە بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو دەبێت، بۆئەوەی کۆمپانیاکان و فەرمانبەرانیش بتوانن ڕابێن لەگەڵ گۆڕانکاریەکە. لەسەرەتای مانگی داهاتوو کار بەو پڕۆژە یاسایە دەکرێت.
لەسەر هەمان پرس، لە ڕەئی گیریەکدا کە لەمانگی حوزەیران کراوە، نزیکەی نیوەی دانیشتوان( ٤٣٪) دژ بەم پێشنیارە تازەیەن، ترسیان لەوە هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر داهاتی مانگانەیان، لەکارێکدا ئاساییف جەختی لەوە کردۆتەوە کە مووچەی مانگانە لە جێی خۆی دەمێنێتەوە بەبێ گۆران.
بۆیەکەمجار پێشنیاری ٤ ڕۆژ کار لە هەفتەدا لەلایەن سەرۆک وەزیران دمیتری مەدفیدیف ەوە پێشنیار کرابوو، دوایی گەورەترین کۆمەڵی نەقابەکانی ڕووسیا پشتیوانیان لێکرد" یەکێتی نەقابەکانی پیشەوەری سەربەخۆ"

**دنیا لینگەو قوچە، دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە. ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە...**



# جەندەر و زمان، توندوتیژی زمانەوانی
# فکر یان زمان کامیان پێشەنگن؟

نووسینی: کازیوە ساڵح

## بەشی دووەم

گرنگی زمان لەوەدایە کە مرۆڤ لەئاژەڵ جیا دەکاتەوە. فەیلەسوفی بونیادگەری هایدگەر (Heidegger, 1962)پێی وایە: "مرۆڤ و زمان پەیوەندیەکی دانەبڕاویان هەیەو مرۆڤ بێ زمان بێ بەها دەمێنێتەوە، مرۆڤ بیسەر و گوێگر و قسەکەر و بێ دەنگە، چونکە بوونی هەیە." مرۆڤ داهێنەری فیکرەو زمانیش دەربڕی فیکر، لێرەوە زمان و فیکر دەبن بەدوو دیوی یەک دراوی گریمانەی بوون. پسپۆران تا ئێستا لەسەر دەرکەوتنی فیکر بەر لەزمان مشتومڕیانەو هەندێکیشان بەپێچەوانەوە، دەرکەوتنی زمان بەر لەفیکر دەزانن. منیش وا مەزەندە ئەکەم فکر بەر لە زمان هاتبێت. زمانی کوردی بۆ دەربڕینی فکری و فەلسەفی زمانێکی لاوازە، چوونکە فکری نەبووە، فەلسەفە و دیدەبینی قوڵی نەبووە. زمان لە پێوستیەوە دروست ئەبێت. کورد لەبەرئەوەی خاوەن فکر و فەلسەفە نەبووە و پێویستی بە زمانەکەشی نەبووە، هەتا وەکو نەتەوەکانی دیکەی جیهان واتا و چەمک و دەستەواژە پابەندەکان بەو دوو بوارە داتاشێت. بەڵام زمانی بێ حورمەتی بە توخمێکی مرۆیی 'ژن' دەوڵەمەندە، چوونکە خاوەن وفکر و کولتووری بێ حورمەتی و بێ بەهای ژن بووە. بۆیە زمانەکەشی پێویست بووە، لە پێوستییەوە لەو ڕووە دەوڵەمەند بووە.

بیرمەندە تەکوینییەکان creationists پێیانوابوو بوونی هەندێ کرداری لۆژیکی لەمنداڵدا بەر لەفێربوونی زمان، ئەوە دەسەلمێنێت کە فیکر لە پێش زمانەوەیە، بەڵام ئەرنست کەسیری (Cassirer,1953) ) زانای ئەڵمانی ڕەتی تەکوینییەکان دەداتەوە بەوەی کە دەڵێت: "زمان فۆرمێکی ئاخافتن نییە فیکری هەڵگرتبێ، فیکر پێش زمان ناکەوێت، بەڵام لێوەی سەرچاوەدەگرێت و گوزارشتی لێ دەکات، بەو شێوەیە فیکر وەکو ئاخافتن دەردەکەوێت. هیگڵیش دەڵێت " (Houlgate,2006)ئێمە لەناو وشەدا نەبێت بیر ناکەینەوە، باوەڕمان بەفیکرە دەسنیشانکراو و حەقیقیەکانی خۆشمان نییە، هەتا شتی ڕوکەش و لابەلای بۆ سەربار دەکەین و لەداڕووخانە کەسیەکانی خۆمان جیایدەکەینەوەو پاشان وەکو شێوەی دەرەکی کەتایبەتمەندی ناوەکی هەڵگرتبێ ریکۆردی دەکەین." واتە لەدەرەوەی زمان و گوتار و بڕیارە عەقڵیەکاندا حەقیقەت بوونی نییە. حەقیقەتیش بەواتای فەلسەفەی تەقلیدی یەکخستنی فیکرە لەگەڵ بابەت، یان فیکر لەگەڵ واقیع، یان حوکم لەگەڵ واقیع، دیارە حوکم لێرەدا بڕیارە عەقڵیەکان دەگرێتەوە، بەڵام هیچ بیرمەندێک نەیتوانیوە بیسلمێنێت ئەو کردارە لۆژیکیانەی لە منداڵدا دەرئەکەوێت جەندەری هەیە. یان بە شێوەی سروشتی منالێ نێر پەرچەکرداری نەریەیی زمانی هەیە بەرانبەر بە توخمی مێ. یان زمان مێ بێت، چوونکە منال یەکەم وشە کە فێر ئەبێت "دایە" یە، بەڵام بە ئینگلیزی یەکەم وشە 'بابە' یە واتە ' داد' چوونکە پیتی ' د' ئاسانتر فێر دەبێت. بەڵام خاک و زمانی مرۆڤ بە زمانی دایک وخاکی دایک ناوزەد ئەکرێت. کە لە دەرەوە وڵاتی خۆت ئەژیت پێت ناڵێت زمانی نەتەوەیت چییە ئەپرسێت 'زمانی دایک'ت چی یە. ئەگەر بەپێی ئەو کردارە فکریانە بێت پێویست بوو زمان مێ بێت، وە نێر ڕووبەڕووی هێرشی زمانەوانی ببوایەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ژن هیچ کام لە دەسەڵات بەد بەکار نەهێناوە و نێر بەدبەکارهێنای سەرجەم دەسەڵاتەکانی خۆی کردووە بە خو ئەم هاوکێشەیە دژی مێ جیگیر بووە.

بۆچوونی من هاوتەریببوونی فیکر لەگەڵ زماندا زمانی زیندوو و زمانی مردوو بەرهەم دەهێنێت. زمانی مردوو تەنها ئەوزمانە نییە کە بەهۆی بەکار نەهێنانیەوە یاخود قەدەغەکردنی لەلایەن زۆردارەوە مردبێت، مەبەستم لەو زمانانەیە کە لەنێو مانشێتی گوزارشتکردنەکانی جیهاندا زمانی مردوون. لەنێو شارستانییەتەکانی جیهاندا گوزارشتی مردوو هەن و زۆربەیان پێیان شەرمە خۆیان لەو گوزارشتە ئیکسپایەرانە هەڵنبوێرن. وەکو چۆن خۆراکێک کاتی بەکارهێنانی بەسەر ئەچێت، خواردنی مەترسی تەندروستی بۆ مرۆڤ لێ ئەکەوێتەوە، بەو شێوەیەش دەستەواژەی زمانەوانی هەیە کە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆی ناگونجێت و بەسەر ئەچێت و بەکارهێنای مەترسی تەندروستی بۆسەر کۆمەڵگە هەیە. لەگەڵ هۆشیاربوونەوەی مرۆڤدا بەرانبەر بە دەستەواژە زمانەوانیەکان کاریگەری نەرێی 'نەگەتڤ' یە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی زیاتر ئەبێت و خۆتێوەگلانی دەبێت بەهۆی کێشەی سۆسیۆلۆژی ئەتیکی 'Ethnosociology'.واتای ئەوەیەگوزارشتەکان هەڵگری کۆمەڵێ ئاماژەی کۆمەڵایەتی و مۆراڵین و گرێدانەوەیان بەواقیعەوە حوکمی عەقڵی دروست نادەن بەدەستەوە. ئەم ئاماژە کۆمەڵایەتییانە لەهەردوو ڕووی تێگەشتن و دەربڕینەوە کاریگەری لەسەر کەسێتی بەرانبەر جێدەهێڵن.

لێرەدا ئەخوازم ئاماژە زمانەوانییەکان لەلۆژیکی تێگەشتن و دەربڕیندا ناو بنێم "واتا" و "دەرەوەی واتا ". واتا دەبەستمەوە بە ژیاری ڕۆژئاوا و دەرەوەی واتاش بە ڕۆژهەڵات بە لۆژیک بەستنەوەی زمانی هەردوولاش مۆراڵی تیوری و مۆراڵی پراکتیکی...

١ . هەموو زانست و چەمکێک بە سەر دوو واتای تیوری و پراکتیکیدا دابەش دەبێت، هەندێ جار چەمکێک یان بۆچوونێک هەر بە تیوری دەمێنێتەوە و ناچێتە بواری پراکتیکەوە. هەندێ جاریش بواری پراکتیک و بواری تیوری چەمکێک جیاوازن، ئەمە جیاوازیە بە تایبەت لە بواری پزیشکیدا بەرجەستە ئەکرێت. وەلێ چەمکی ڕەوشت چەمکێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سایکۆلۆژی و سیاسیە. پێویستە بواری تیوری و پراکتیکی یان جیاوازی نەبێت یان تا ئاستێکی باڵا وێکچوو بن، بەڵام ئەو کۆمەڵگانەی کە فۆرمی ئەخلاقیان تەنها لە ڕێگەی گواستنەوەی زمانەوانی "word of mouth"پێ گەشتووە و باوەڕییان بە مۆراڵی ڕووکەشە، خوێندنەوەی ڕەوشتیە لە چاوی ئەوی بەرانبەرەوە وەرئەگرن، هەروەها خاوەنی یاسا و سیستمێکی کۆمەڵایەتی نین کە لە سەر ڕاڤەی زانستی ڕەوشت دامەزرابێت، بە ڕەچاوکردنی کاریگەرێ سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکانی، ئەخلاقیان لە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی بردوە بەرەو پێناسەیەکی دی. بیناڤێەک گونجاو بێت بۆ چینیەکی کۆمەڵ، یان چینی کولتووری زاڵن نەک هەموو کۆمەڵگە. ئەگەر ئەو کۆمەڵە کەسە یان چینە ژمارەشیان کەم بێت، کولتووریان زاڵە، نەک لەبەرئەوەی کولتوورەکەیان باڵا و ناوازەیە، ئەکرێت دارڕزاوترین بەشی کولتووری کۆمەڵگە بێت، بەڵام ژمارەی پەیڕەوکەرانی کردویەتی بە کولتووریەکی دەزگەیی و زمان و کەسیەتی ڕووکەشی پێ بەخشیوە. کردویەتی بە خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی یان سیمبولی. ڕەوشتە ئەو چینە دەبێت بە ڕەوشتێکی سەپێنراو بەسەر ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا بە بێ ڕەچاوکردنی پێناسەی ڕاستەقینەی ڕەوشت. ئەمەش کارێکی نارەزایی خولقینەر نییە، چونکە ژینگە و زەمینەی لەباری دروست بوونی پابەندە بە فکر و ئاستی واقعی کۆمەڵگەکەوە، ئەو ئاستەش فۆرمێکی کولتووریە و ئەو کۆمەڵگەیە هەر ئەوەندەی زانست دەستەبەر کردوە بۆ داتاشینی واتای ڕەوشت. وە کاتێک زاراوەی "دەرەوەی واتا" بەکاردێنم مەبەستم چەمکێکی بێ واتا نییە، بەڵکوو مەبەستم ئەو پۆلێنکردنە زبرەیە کە واقیع دەباتە دەرەوەی واتا و گرێبەندی لەنێوان حوکمی عەقڵی و واقیعدا ناهێڵێتەوە.

سەرچاوەکان:


- Cassirer, E. (1953) The Philosophy of Symbolic Forms, Volume 1: Language. New York : Yale University Press,
- Heidegger, M., (1962) Being and Time. Translated by John Macquarie and Edward Robinson, New York, Harper & Row
- Houlgate, S. (2006). The opening of Hegel's Logic. West Lafayette, IN: Purdue University Press


**پێویستە لەپرۆسەیەکی بەنەخشە و بەرنامە داڕێژراوی زانستیدا، ئەلف و بێی عەرەبی و کوردی بگۆردرێت بە ئەلف و بێی لاتینی!**

# کۆمەڵگەی سێکسیست و قەیرانی شوناسی ژنان لە ئێران



**نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی**

هەر مرۆڤێک ئازاد و ڕەها لە دایک دەبێ و مافی یەکسانی هەیە بە بێ جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی، بەڵام بە هۆی بوونی سیستمە گەندەڵەکان کە کۆمەڵگەیان کرمۆڵ کردووە، لە هەر وڵاتە بە پێی چەشنی جوگرافیایی وڵاتەکە و بە پێی سیستمی حوکمڕانی و پەروەردەیی جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی دێتە ئاراوە و مرۆڤەکان دەکاتە قوربانی. جیهانی تەژی لە توندوتیژی سەرمایەداری مرۆڤەکانی کردووە بە قوربانی سیستمەکانی خۆی و لە هەر ناوچەیەک بە ئەبزار و چەکی ئیدئۆلۆژیی ئەو وڵاتە، هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوەی جیاوازیی چینایەتی و ڕەگەزی بەرهەم بهێنێ بۆ قازانجی خۆی و لەو نێوەدا تاک هەردەم قوربانییە. دیاردەیەکی مەترسیدار کە ساڵەهای ساڵە بە گشتی هەموو جیهانی گرتۆتەوە، هەر لە وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداری تا ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها هەردووک رەگەزی کردۆتە دەستەچیلەی ئامانجی دزێوی خۆی، بە تایبەتی رەگەزی ژن دیاردەی بوونی ستانداردی سێکسی و جیهانییە بۆ لەش و لاری ژنان. حاشاهەڵنەگرە ئەو پرس و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیلەیی و نەبوونی ئازادیی بیر و ئەندێشەی ژنان و هەموو هەوڵەکانیش بۆ پڕ کردنی گیرفانی سەرمایەداران و دەسەڵات بە دەستانە. هەموو ئەو ستانداردە جیهانیانە کە بۆ لەش ولاری ژنان دانراوە پەیامێکی قیزەونی پێیە ئەویش ئەوەیە ژن ئەبزاری جنسیە و ژنان تەنیا کەرەسەیەکن بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاوان. لەبارودۆخی هەنووکەیی دا ئەو دیاردە لە هەموو وڵاتێک بە زەقی خۆی دەردەخات و پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ ئەو مەبەستە لە ژێر ناوی دکتوری جوانکاری سەرف دەکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ڕوو لە پەرەسەندنە. ئەگەر بمانەوێ هەموو هۆکارەکانی ئەو پرسە لە جیهان بدەینە بەر باس و لێکدانەوە لەوانەیە لە بابەتێکی ئاوا دا نەگونجێ و لە ڕاستی دا مەبەستی ئەو بابەتەش نییە، دەمەوێ بپرژێمە سەر هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی ئەو دیاردە قێزەونە لە وڵاتی ئیسلامی لێدراوی ئێران بە یاسای ئیسلامی و حاکمیەتی تا سەر ئێسقان توندوتیژی کۆماری ئیسلامی. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد هەر وڵاتە و بە پێی چەشنی جوگرافیایی و سیستمی حوکمڕانی و پەروەردەیی بۆ پەرەسەندنی دیاردەی سێکسیسزم و نەبوونی قەیرانی شوناسی تاک بە تایبەت رەگەزی ژن هەوڵ دەدات. هەر کات باس لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ مێژوی تەژی لە توندوتیژی و یاسای سەدە ناوەڕاستی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران دێتە بەر باس کە لە سەرەتای خۆ سەپاندنی بە سەر ئەو وڵاتە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای یاسای بنەڕەتیەوە ماف و ئازادی ژنانی زەوت کرد و ژنی کردە ئەبزارێک بۆ زاو و زێ و دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاو. سیستمی سەرمایەداری ئێران دوو ئەبزاری قێزەونی پیاو مەزنی و ئایینی لەبەردەست بوو تا مەبەستەکانی خۆی بپێکی و پێگەی ژن و کەرامەتی ژن خەوشدار بکات. کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەر کاری قەیرانی شوناسی بۆ ژنانی ئێران دروست کرد و لە ڕێگای یاسا هەڵاواردن ئامێزەکانی دەسەڵاتی ژنانی کەم کردەوە و تەنانەت مافی پۆشینی کە سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێکە لێیان زەوت کرد. ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە دانانی پۆششی ئیسلامی بۆ ژنان ئەوە بوو کە ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە وەک ئەبزاری جنسی لێ بکات و بیانخزێنێتە کونجی ماڵەوە. بۆ پەرە دان بەو دیاردەش هەموو کەرەسەکانی دەسەڵاتی خستە گەڕ و لە هیچ تاوانێک لە پێناو پاراستنی ئەحکامی شەرعی سڵی نەکردەوە.

ساڵەهایە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و هەموو ئامرازەکانی دەسەڵات خەریکی بەرهەم هێنانی بیرۆکەی سێکسیستی و دژە ژن لەو وڵاتەیە، کۆمەڵگەی ئێران و تاکی ئەو وڵاتە بە هۆکاری بوونی سیستمێکی گەندەڵی دینی توشی قەیرانی شوناس بوون و ڕوانگەیان بە نیسبەت کەڕامەتی ژن و پێگەی مرۆڤی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە بە لاڕێدا چووە. سێکسیزم، ژن بە کەم زانین و فەحشا و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی هەناوی کۆمەڵگە بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریێتی سەرانی ئێرانە. کۆمەڵگەی ئێران خەریکە ڕوانگەی بە نیسبەت جوانی ڕاستەقینەکە ئازادی بیروڕاو و کەرامەتی مرۆڤە دەگۆڕدرێ و توشی نەخۆشی بووە و ڕۆژانە تێچوویەکی زۆری مادی سەرفی عەمەلیاتی جوانکاری دەکرێ، جوانکاری و عەمەلیاتێک کە هەر وەک باسمان کرد تەنیا بۆ ئیسپاتی ئەوەیە ژنان ئەبزاری جنسین و موڵکی سەرەکی پیاون. هەنووکەش کە قەیرانی ئابووری زۆرە و خەڵک بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی ئەو ڕژێمە توشی هەژاری ئابووری بوون، بێگومان هەژاری کلتوریشی پێ زیاد بووە و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان پەرە دەستێنێ. کۆمەڵگەی ئێران دەبێ بە وشیاریەکی زیاترەوە کێشە و پرسەکان ببینن و مەشغەڵەیان چوونە سەری ئاستی وشیاریان لە پێناو پاراستنی کەرامەت و شوناسی تاکەکان بێ، نەک ئەو مەشغەڵانەی جیهانی سەرمایەداری بۆ فرۆشی کەل و پەلی خۆی و دووبەرەکی و شکستی رەگەزێکی کۆمەڵگە دروستی کردوە. ژنانی ئێرانی دەبێ وەک هەمیشە کە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی بوون ئامانجی سەرەکیان گەڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤی و ئازادی بیروڕایان بێ و هەوڵ بۆ وشیاری کۆمەڵگە بدەن و لە بەرامبەر هەر پرسێک کە پێگەی مرۆڤیان خەوشدار دەکات ڕاوەستن. ژنانی چالاکی سیاسی و یەکسانیخواز پێویستە هەوڵ بۆ وشیاری ژنانی ئێران بدەن و ئەوان لە پرسە سەرەکیەکان ئاگادارکەنەوە تاکو و مەشغەڵەی سەرەکیان نەمانی کۆماری ئیسلامی بێ. بزوتنەوەی ژنان دەبێ لەسەر پێ و وەک هەمیشە هاوتەریب بێ لە گەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و لە بەرامبەر پێخوست بوونی مافی رەوای ژنان بێ دەنگ نەبن. چالاکانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازیش دەبێ لە هەر شوێنێک لە جیهان دەژین سیاسەتی قیزەونی سەرمایەداری بۆ دانانی ستانداردی سێکسیستی بۆ ژنان لە قاو بدەن و لە بەرامبەریدا راوەستن ئەگینا دەبنە قوربانی ئامانجی دزێوی دەسەلاتی سەرمایە...

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندکۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com www.bopehsawa.net

# عەلی کەریمی: ئەوانەی باسی ئاڵا و سەربەخۆیی کورد دەکەن تەنیا درۆیەکی شاخدار و موزایەدە دەکەن و هیچ خەتێکی سوریان بۆ خیانەت نییە!

**گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ عەلی کەریمی نووسەر و چاودێری سیاسی سەبارەت بەنۆکەرایەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانی ٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦ ...**



**بۆپێشەوە: خۆبەستنەوەی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و خۆشخزمەتی تا ڕادەی نۆکەرایەتی و پێشلەشکری بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بۆتە تایبەتمەندیەکی بەردەوامیان... هۆکاری ئەم خۆشخزمەتی و کرێگرتەییە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

**عەلی کەریمی:** بە درێژایی مێژووی وڵاتی کوردەواری و دابەش بوونی بەسەر وڵاتانی داگیرکەر و دەورووبەری کوردستان، بە حوکمی قبووڵاندنی میللەتانی سەردەست و خۆبە بچووک زانینی ڕۆشنبیری کوردی بەرامبەر بە نوخبە و خەڵکی وڵاتی سەردەست و بە گەورە زانینیان، چ فەرهەنگی و چ نەفسی و سایکۆلۆژیانە، ئەوە بۆتە راستییەکی تاڵ کە کورد لە عاست تورک و فارس و عەرەب خۆی بە کەمتر بزانێ و هەژمۆنی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەم میللەتانە بە سەر کورددا حاشا هەڵنەگر بێ. بۆیە لە زۆربەی سەردەمانەکان بە تایبەت ساڵانی ٤٠ و ٥٠ و هەتا ٨٠ و ٩٠ دەکانیش سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەحزابی کوردی خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی ئۆپۆزیسۆنی ئەم میللەتانە بزانن و تەنانەت کەوا سووری بەر لەشکر بن و لە ئاشی ناو کاسەکەش گەرمتر بن بۆ بیری سەرتاسەری و ئیرانچیتی و عەرەب و تورکچێتی. لەسەر ئەم ڕوانگە و بەستەرەی بە درێژایی زیاتر لە 100 ساڵ کەش و هەوای بەشەکانی کوردستانی داگیر کردووە، زۆر تەبیعی دەبێ لە ناو سیاسەتمدار و نوخبەی کورد ئەوەندە چووبنە پێش کە خزمەت بە میللەتی باڵادەست یان داگیرکەر تیئۆریزە کرابێ، و تەنانەت بە بیروباوەڕ قەناعەتیان هێنابێ کە خزمەت بە دەسەڵاتی نەتەوەی باڵا دەست بە بەشیک لە خزمەت بە کاری سیاسی و شۆڕشگێری بدەنە قەڵەم لە لایەک، و لە لایەکی تریش هەمیشە خەڵکانی بەکرێگیراو لە ناو کورد دا هەبوون لە ئاوی قوڕاویی سیاسەتی کوردی ماسی خۆیان گرتووە. دیسان بە بونبەست گەیشتنی حەلی کێشەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان، و بە خەون زانین لەلایەن زۆربەی سەرکردەکان! ئەم ڕوانگەیەی زەق کردۆتەوە کە خەباتی کوردایەتی بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆ نووسین یان سەربەخۆیی تەواو، ئاسنی سارد کوتانە و هیچ فایدەی نییە. بۆیە خزمەت بە داگیرکەر برەوی ستاندوە و ئەم لایەنانە زیادی کردوە کە خزمەت بە داگیرکەر یان ئۆپوزیسۆنی نەتەوەی باڵا دەست بە ڕەواتر بزانن تا خەبات بۆ ڕزگاری یەکجاری کورد. هۆکار و فاکتی تەماحی (ماڵی و پۆست و بەرژەوەندی بنەماڵەیی و خێڵ) لە هۆکارە هەرە گەورەکانن لە کۆمەڵگەی شوانکارەیی و خێڵ و عەشیرەتی. بۆ سەرۆک خێڵ و عەشیرە بەرژەوەندی بنەماڵە و خێڵەکەی خۆی گەلێک گرنگترە، لە بەرژەوەندی هەموو گەل و تەنانەت خێڵکی تر، بۆیە ئەوان بۆ ئەم بەرژەوەندییە تایبەتە ئامادەی هەموو خیانەت و پشت کردنێکن بە بەرژەوەندی گشتی میللەتی کورد. جیۆپۆلێتیک و جیۆگرافیای کورد وایە کە هەردەم زۆر کەس پەیدا ببن بۆ کردنە خەنجەری ژەهراوی بە پشتی نەتەوەی خۆیان!

**بۆپێشەوە: پارتی لە ٣١ ئابدا و لەچوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتی ناوخۆییدا لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەستی سوپای بەعسی گرت و پەلکێشی کوردستانی کرد. چۆن دەڕواننە ئەو کردەوەیە کە زۆرێک ناوی لێدەنێن( چەپەڵ)؟ هەروەها یەکێتیش دەستی سوپای پاسدارانی گرت! بۆچی هەر لایەکیان دەستی یەکێک لەو ڕژێمە چنگ بەخوێنەیان گرت؟**

**عەلی کەریمی:** کردەوەی ٣١ی ئابی پارتی و پەلکێشکردنی بەعس بۆناو پەرلەمان و هەولێری پایتەختی هەرێمی تازە ڕزگارکراو لە کیمیاباران و ئەنفاڵ ئەوە ئیتر ترۆپکی خیانەت و نەبوون و نەمانی ئینتمای نەتەویی و بێعاری و بێشەرمی و بێ ئەخلاقی لە عاست هەست و عاتیفەی میللەتێک بوو! ئەم کردەوەیە تەنانەت دۆستانی سیاسی وعاتفی غەیرە کوردیشی تاساند و باوەڕیان نەدەکرد سەرکردەی کورد بۆ لە ناوبردنی نەیاری کوردی خۆیان پەنا بۆ سەدامی دیکتاتۆر و خوێنخۆری کورد ببەن. ئیتر ئەوە سەلماندی کە جارێ ستراتیژی یەکێتی نەتەوەیی کورد لە کوردستان چێ نەبووە و میللەتی کورد جارێ زۆری ماوە تا بگات بە گوتاری یەکگرتووی نەتەوەیی، و ئەوانەی باسی ئاڵا و سەربەخۆیی کورد دەکەن تەنیا درۆیەکی شاخدار و موزایەدە دەکەن و هیچ خەتێکی سوریان بۆ خیانەت نییە! وەڵامی ئەوەی کە بۆچی هەرکام دەستی داگیر کەرێک دەگرن؟ وابزانم لە پرسیاری یەکەمدا وەڵامم دایەوە و ئەوان وا فێر بوون لە داخی یەکتر پەنا تەنانەت بۆ شەیتانیش بەرن!

**بۆپێشەوە: تا ئێستا چارەنووسی ژمارەیەکی زۆر لە دیلەکانی پارتی و یەکێتی لە شەڕی ناوخۆی دەسەڵاتدا، نادیارە؟ هۆکار چییە پارتی و یەکێتی چارەنووسی ئەو دیل و بێسەروشوێنانە ئاشکرا ناکەن؟**

**عەلی کەریمی:** ئەوەی کە چارەنووسی دیلەکانی پارتی و یەکێتی دوای ئەو هەموو ساڵە هەر نادیارە؟ دەگەڕێتەوە بۆ ماهییەت و ڕوانگەی نامرۆڤایەتی ئەم هێزگەلە و موهتەم نەبوونیان بە چارەنووسی تاکەکان و خزم و ژن و منداڵیان! ئەوان تەنیا بۆ شەڕ و بەرەوپێشەوە چوونی نیاز و ئامانج و مەرامەکانی خۆیان تاکەکانی پێشمەرگە بەکار دێنن و دیسان دەیسەلمێنن کە پێشمەرگە لە دیدی وانەوە نەتەنیا سەروەر و گەورە نییە، بەڵکو تەنیا ئامرازێکە بۆ دەسەڵاتی زیاتر بەسەر یەکتردا. ئێستا دوای ئاشتبوونەوەیان ئەوەی کە ئەم دیلانە چیان بەسەر هاتووە زۆر موهیم نییە و ئەوە موهیمە کە بێن و بڵێن ئێمەی سەرکردەکان بێ گوناحین! ئەو دیلانە بە دڵنیایی زۆر شتی سەرسوڕهێنەر لە زیندان و نامرۆڤایەتی ئەم دوو هێزە دەزانن و هیچ پێیان خۆش نییە ئازاد کرێن و ڕیسوایان بکەن. ئەوان؛ پێشمەرگە دیلە بێ چارەنووسەکان ئەم فاکتەرە نین لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە کاتی پێ بکوژن یان ئاشتی و بەرژەوەندی خۆیانیان لەسەر تێک بدەن. ئەوان؛ سەرکردەکان لەوە سوکتر چاو لە پێشمەرگە دەکەن کە ئێمە و خەڵک لامان موقەدەسە!

> **ئەوەی کە چارەنووسی دیلەکانی پارتی و یەکێتی دوای ئەو هەموو ساڵە هەر نادیارە؟ دەگەڕێتەوە بۆ ماهییەت و ڕوانگەی نامرۆڤایەتی ئەم هێزگەلە و موهتەم نەبوونیان بە چارەنووسی تاکەکان و خزم و ژن و منداڵیان!**

> **ڕۆژی ٣١ ئاب تاوانی پەلکێشکردنی سوپای بەعسە بۆسەر کوردستان، تاوانی دوبارە و چەندبارەو دەیان بارەی خۆشخزمەتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەتی بە وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە...**

# جەمال محسین: پارتی و یەکێتی لەشەڕی دەسەڵاتدا لەبەرامبەر بە یەکدا پەنایان بۆ پیسترین و هارترین و دواکەوتووترین و سەرکوتگەرترین ڕژێم برد. لە پێناوی ئەو ئامانجەشدا لە ٣١ی ئابدا پارتی سڵی لە هیچ کوشتار و ئاوارەبوونێکی خەڵك نەکردەوە

**گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ جەمال موحسین سەرنووسەری گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی سەبارەت بەنۆکەرایەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانی ٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦ ...**



**بۆپێشەوە: پاساوی پارتی بۆ پەلکێشکردنی بەعس بۆ کوردستان لە ٣١ ئابدا، ئەوە بوو کە یەکێتی نیشتیمانی پێشلەشکری بۆ سوپای پاسدارانی ئێران دەکات کە وڵاتێکی "بێگانەیە" و عێراق ئەبێ دەخاڵەت بکات تاکو وڵات بپارێزێ. ئێوە ئەم پاساوە بۆ سیاسەت و کارێک کە پارتی گرتیە بەر چی دەڵێن؟**

**جەمال موحسین:** یەکێتی و پارتی وەک دوو هێزی سەرەکی سیاسی بۆرژوازی کورد هەمیشە پاساوی لەوجۆرەیان بەدەستەوە بووە بۆ هەر سیاسەتێکی دژە خەڵکی کە گرتبێتیانەتە بەر. لە ساڵی ٩١٩ دا خەڵک لە دژی دەسەڵاتی هاری بەعس هەستا و لە شارەکان وەدەرینان و لەو پێناوەدا چەندین کەس گیانیان بەختکرد، بەڵام لای هەمووان ئاشکرایە لەو کاتەدا کە ئەو ڕژێمە بە دەست نەفرەت و قینی ئەستووری چەندین ساڵەی خەڵکەوە شڕ بووبوو، وە لە کاتێکدا کە بەعس بە زەبری تۆپ و تانک و فڕۆکەکانی ویستی بگەڕێتەوە بۆ شارەکانی کوردستان و خەڵک کە چەکێکی ئەوتۆی پێ نەبوو بە ناچار ئاوارەی شاخەکان بوو، ڕێک لەو کاتەدا یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانەکانیان خۆیان گەیاندەوە بەغداد و زەبونانە کەوتنە بەرپێی بەعس. نەک هەر ئەوە بگرە هێزە هاوبەشەکانی بەرەی کوردستانی و بەعس پێکەوە لە دژی هەر بەرەنگاری و جوڵەیەکی جەماوەری ناڕازی و ئازادیخواز ئەوەستانەوە و لە خوێنیان هەڵئەکێشا. بۆ ئەو هێزانەی کە لە مێژووی پێشوویاندا یان لە ئێران تۆزیان کردووە و یان بۆ مفاوەزات هاتوونەتەوە ناو کوردستان، یان بە کیمیاباران و ئەنفالەکان خەنی بوون و بەدوای دەسکەوتەوە بوون، یان ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە هەلێک بۆ پچڕینی بەشی دەسەڵات و سەروەت لە ڕژێمی بەعس، سەیر نییە و چاوەڕوان کراوە کە بۆ فراوانکردنەوەی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان هەریەکەیان پەنا بۆ دەوڵەتێکی ناوچەکە یاخود ڕژێمی بەعس ببات. ٣١ ی ئاب لە کاتێکدا ڕوویدا کە هاوسەنگی هێزی نێوان یەکێتی و پارتی کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی زیاتر لە کوردستاندا هەزارەها گەنجیان لە شەڕی ناوخۆیاندا بە کوشت دابوو گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. هێزی یەکێتی لەقتر بوو بوو وە پەنای بۆ سوپای پاسداران برد، پارتیش ئەمەی بە هەلێکی زێڕین زانی تاکو هانا بۆ بەعس ببات. بەبڕوای من ئەگەر لایەکی ئەم مەسەلەیە ئەوە بووبێ کە پارتی نەی ئەتوانی بەرگری بکات گەر پاسداران بهاتنایە، لاکەی تری ئەوەیە ئەیزانی بە هەنگاوێکی لەو بابەتە جێگاوڕێگای خۆی چەند قات لەبەرامبەر یەکێتیدا ئەباتە سەرەوە. ئەمەیە کە ئەڵێ "عوزر لە قەباعەت خراپتر"! هەردوولا بۆئەوەی شەڕ لەسەر دەسەڵات لەبەرامبەر بە یەکدا ببەنەوە پەنایان بۆ پیسترین و هارترین و دواکەوتووترین و سەرکوتگەرترین ڕژێم برد. لە پێناوی ئەو ئامانجەشدا لە ٣١ی ئابدا پارتی سڵی لە هیچ کوشتار و ئاوارەبوونێکی خەڵک نەکردەوە و دەسەڵاتی خۆی سەقامگیرتر و زیاتر کرد.

بەڵام لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە ٣١ ی ئاب وەک هەر نەریتێکی تری یەکێتی و پارتی قێزەونە. خەڵکی کوردستان چ لە مێژووی پێشوودا و چ لە هی تازەدا گەواهی ئەو نەریتە سیاسیەی یەکێتی و پارتین کە خۆیان بە بەرژەوەندی و سیاسەتی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و ڕژێمی بەعسەوە بەستۆتەوە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسکەوتدا، و بۆ هاوبەش بوون لە دەسەڵاتدا ئامادەی هەموو جۆرە پاشکۆیەتیەک بوون. ساڵەکانی ٦٦ و ٧٤ و ٨٢ و ٨٨ و ٩١ و ٩٦ و٢٠١٤ و ٢٠١٧ .... و ڕێخۆشکردن بۆ میت و سوپای تورکیا و ئیتڵاعاتی ئێران بۆ تەراتێنکردن لە کوردستاندا لە نمونەکانی ئەو نەریتە سیاسیەی یەکێتی و پارتین کە زۆر ڕسوا و نەفرەت لێکراون لای جەماوەری بێبەشی کوردستان.

**بۆپێشەوە: هاوڕێ جەمال، وەک وتتان، مێژووی کارنامەی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد پڕە لە نموونەی وەک ٣١ی ئاب. تازەترینیان بەجێهێشتنی ئێزیدیەکان لە شەنگالە لەلایەن پارتیەوە بۆ داعش، و دوزخورماتوو و کەرکوک و ناوچەکانی تری ناکۆکی لەسەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا لەلایەن یەکێتیەوە بۆ بەردەستی حەشدی شەعبی. باشە کە ئەم شێوەیە لە سیاسەت بەشێکە لە ستراتیژ و کارنامەی بەرژەوەندخوازانەی هەمیشەیی ئەو حزبانە، بۆچی چ جەماوەری خۆیان و چ خەڵک بەگشتی بەرپەرچی ئەم سیاسەتەیان ناداتەوە؟**

**جەمال موحسین:** من لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم لەوە کرد کە ئەوان هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و دەسەڵاتی خۆیاندا ئامادەی هەرجۆرە پاشکۆیەتی و پێشلەشکریەک بوون بۆ وڵاتانی ناوچەکە. جگە لەو نمونانەی من هێنامەوە و ئەوەش کە ئێوە لە پرسیاری دووەمدا ناوتان بردوون، نمونەی لەوەش تازەتر ئەوەیە کە بە ئاگایی و ڕەزامەندی پارتی، تورکیا بە ئارەزووی خۆی دێتە ناو کوردستانەوە و بۆمباران ئەکات و خەڵکی مەدەنی و بێتاوانیش ئەکوژێ. بەرژەوەندی و خۆبەستنەوەی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی بە سیاسەت و بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکەوە وائەخوازێ کە بەوجۆرە بکەن. وەک بینیویشمانە هەموو ئەو کردەوانە بە دژ و زەرەری خەڵک بووە. ئەمەش دیسان پێداگریە لەو ڕاستیەی کە ژیان و چارەنوس و بەرژەوەندی جەماوەری خەڵک لە شوێنێکە و هی ئەوانیش لە شوێنێکی ترە. دیارە ئەوەی بۆ ئەوان خێر و بەرەکەت و دەسکەوتە بۆ خەڵک نەگبەتی و کوشتارە. ئەوان و ئەو کارنامە دژە خەڵکیانەیان لە یەک جیاناکرێنەوە.

ئیتر ئەوەی کە بۆچی جەماوەری خۆیان ڕووبەڕوویان نابێتەوە یان لانی کەم یەخەیان ناگرێ هۆکاری زۆری هەیە. بە بڕوای من، ئێمە ناکرێ لەسەری ئەخلاق و لە ڕووی شەخسیەوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین. هەریەک لە یەکێتی و پارتی بە هۆی پارە و پولێک کە هەیانە کەسانێکیان بۆ خۆیان کڕیوە و نەک هەر دژایەتی سیاسەتەکانیان ناکەن، بگرە پاساویشی بۆ ئەهێننەوە. ئەوەندەشی بە خەڵکە ڕەشوڕووت و هەژارەکە ئەگەڕێتەوە؛ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پاروە نانی ئەمان و مناڵەکانیان کەوتۆتە قوڕگی ئەو دوو دیناسۆرەوە. خەڵک چەند بشزانێ بۆگەناو لە هەناوی ئەو دیناسۆرانەوە دێتە دەرەوە ناچارە دەست بکات بە قوڕگیدا پاروە نانی مناڵەکانی خۆی لێدەربهێنێ. بە واتایەکی تر، لە ژیاندا مانەوە کە خۆی بەرژەوەندیەکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە کەوتۆتە دەستی ئەو دوو حزبە. ئەمە ئەبێ لە دەستی ئەوان دەربهێنرێ. هەموو شتێکی ژیانیان لە خەڵک زەوت کردووە، تۆ ناتوانی کارێکت بە ئاسانی دەست بکەوێ، ناتوانی لە کارەکەت بەردەوام بی، ناتوانی ناڕازیەکی سەرسەخت بیت و هەڕەشەی ئەوەت لێ نەکرێ کە کار و نانەکەت ئەبڕن. ڕژێمی سەدام پێش ئەوەی بڕوخێ هەر لەم کوردستانە ئەیانووت: "بابە، تازە ئەو هەموو خەڵکی کردووە بە پیاوی خۆی و هێز نایڕوخێنێ!" کەچی خەڵکیش لێی هەستا. ئەوەی پێشمەرگایەتی ئەکات لە خەڵکە هەژارەکەیە، ئەوەی دامودەزگا و بانک و پارەکانی ئەوانی پێ ئەپارێزرێ خەڵکە دەستکورتەکەیە، هەتا ئەوەی سەرکوتی نارەزایەتی خەڵکە هەژارکراوەکەی پێئەکرێ هەر لە خەڵکە دەستەنگەکەیە. پارەی گوللەنان بە سنگی گەنجانی ناڕازیانەوە پێئەدرێ. پارەی شاردنەوەی ڕاستیەکان و

**پارتی و یەکێتی بۆ هاوبەش بوون لە دەسەڵاتدا ئامادەی هەموو جۆرە پاشکۆیەتیەک بوون. ساڵەکانی ٦٦ و ٧٤ و ٨٢ و ٨٨ و ٩١ و ٩٦ و٢٠١٤ و ٢٠١٧ .... و ڕێخۆشکردن بۆ میت و سوپای تورکیا و ئیتڵاعاتی ئێران بۆ تەراتێنکردن لە کوردستاندا لە نمونەکانی ئەو نەریتە سیاسیەی یەکێتی و پارتین کە زۆر ڕسوا و نەفرەت لێکراون لای جەماوەری بێبەشی کوردستان.**



# فاتیح عەباس: کەسوکاری قوربانیانی شەری ناوخۆ دەبێ فشار دروستبکەن و چالاکی ڕێکبخەن بۆ بەردەم بارەگاکانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان. دەکرێ گۆڕەپانێکی تایبەت لە شار بکرێتە شوێنی کۆبونەوەی حەفتانەی کەسوکاری دیل و بێسەروشوێنکراوەکان...

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ فاتیح عەباس نووسەر و چاودێری سیاسی سەبارەت بەنۆکەرایەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانی ٣١ ئابی ساڵی ١٩٩٦ ...

**بۆپێشەوە: چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانی کەس و کاری دیل و بێسەرو شوێنەکانی شەڕی ناوخۆ، بۆ ناچارکردنی پارتی و یەکێتی بۆ ئاشکرا کردنی چارەنووسیان؟**

**فاتیح عەباس:** شەڕی ناوخۆ کارەساتێکی بەردەوامی سێ دەیەی سەدەی رابردوو بوو، قوربانیانی ئەو شەڕە خەڵکی ڕەشوڕووت و بەشمەینەتی کوردستان بوو. سەرەڕای کوشتن و وێرانکردن و ئاوارەیی چەندەها کەس، بەدیل گرتن و بێسەرو شوێنکردنی هەوادار و ئەندامانی هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی بەدوای خۆی هێنا، ئەوە بەتایبەتی دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کاتێک بیری تۆڵەسەندنەوە و خێڵ جێگەی پێکەوە ژیان و تەبایی گرتەوە. ناسیونالیزمی کوردی کە بانگەوازی کوردایەتی و سەروەری یاسا و مافی مرۆڤی دەکرد هەموو سنورەکانی بەزاند! و بەهاو پیرۆزیەکانی خستە ژێر پێ، دیل و بێسەروشوێنەکان یەکێکە لە ئاکامەکانی ئەو شەڕە نەگریسە، و تراژیدیا و برین و کێشەیەکە تاوەکو ئێستاش ژن و منداڵ و دایک و باوکی ئەو کەسانە پێوەی دەناڵن و برینێکی سارێژ نەکراو و پشتگوێخراوەو پێوەی دەناڵن. پارتی و یەکێتی خۆ دەدزنەوە لە دیاریکردنی چارەنوسیان و ئاسودەکردنی کەسوکاریان، بۆیە کەسوکاری ئەو قوربانیانە دەبێ فشار دروستبکەن و چالاکی ڕێکبخەن بۆ بەردەم بارەگاکانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان. دەکرێ گۆڕەپانێکی تایبەت لە شار بکرێتە شوێنی کۆبونەوەی حەفتانەی کەسوکاری دیل و بێسەروشوێنکراوەکان، وێنەی دیل و بێسەروشوێنەکانی تێدا هەڵبواسرێ، و هەوڵبدرێ پشتگیری ڕێکخراوە ناحکومی و مرۆڤ دۆستەکانی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی و هاوڵاتیانی کوردستان بەدەست بهێنرێ. دەبێ ئەو جۆرە چالاکیانە بەردەوام بێت و درێژەی پێ بدرێ و تەوژم پەیدا بکا و شێوازی نارەزایەتی جۆراوجۆری لێبکەوێتەوە، تا بە ئەنجام دەگا، هاوشێوەی ئەوەی دایکانی ئاشتی لە باکور لە تورکیا بۆ ئاشکراکردنی چارەنوسی بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆی تورکیا دەیکەن، یان وەک کەسوکاری بێسەروشوێنەکانی وڵاتی شیللی کە لە ئەنجامی چالاکی و خەباتیان توانیان دەسەلات ناچاربکەن بڕیاڕ دەربکا و دادگا لەو کەیسانە بکۆڵێتەوە، و دواتریش زانینی چارەنوسی بەشێکی زۆر لەوانە و سزادانی ئەوانەی دەستیان لە تاوانەکە هەبووە. ئێستا لە شیللی پەیکەرە دیوارێک (مۆنۆمێنتێک)ی تایبەت بەو کارەساتە دروستکراوە، و ناوی هەموو قوربانیەکانی لەسەر نووسراوە، وەک یادکردنەوە و ڕێزلێنانێک بۆ ئەو قوربانیانە. لێرەش دەبێ سوود لەو ئەزمونانە وەربگیرێ.

**بۆپێشەوە: بە جیا لەوەی هێشتا چارەنووسی دیل و بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆ دیار نییە، تا ئێستا کەسوکاری قوربانیانی ئەم جەنگە نەگریسە، قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**فاتیح عەباس:** چارەنوسی دیل وبێسەروشوێنەکانی شەری ناوخۆ و قەرەبوکردنەوەی کەسوکاریان پرسێکی هەستیارە، و دەسەڵات کە لەو دووحزبە سەرەکەیە پێکهاتووە؛ خۆی لێ دەدزێتەوە. وروژاندنی ڕاشکاوانەی ئەو پرسە؛ دەرگا لەسەر کۆمەلێ پرسیار دەکاتەوە کە پەیوەستە بە بنەماو پرنسیپەکانی شەڕ و مافی مرۆڤ، هەروەها تاچ رادەیەک ئەو هێزانە پابەندبوون بەو پرنسیپانەوە. دیسان پێشێلکارییەکان و کێن ئەوانەی ئەنجامیان داوە و نەخشە دارێژەر وبڕیاردەرو بەرپرس بوون. قەرەبووکردنەوە؛ داننانە بە بەرپرسیاریەتی، دەسەڵات بەگشتی و ئەو دوو حزبە بەتایبەت؛ نەک هەر ئەو کەیسە، بەڵکو کەیسی ئەنفالچییەکان کە دادگای تاوانەکانی عێراق یەکلای کردبۆوە پشتگوێیان خستووە. بۆیە چاوەروان ناکرێ دەسەڵات لەو مەسەلەش لەگەل کەسوکاری قوربانیان ئاشت بێتەوە. دەسەڵاتی ئەو دووحزبە بێدەربەستی پێوە دیارە لە هەمولایەنەکانەوە. دەسەڵاتێک کە دەست بەرێت بۆ سفرەی بەردەمی ڕۆڵەکانی خۆی و مووچەیان پێنەدات، لەوە زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێت. بۆیە پێویست دەکات بیرلە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکرێتەوە.

**چارەنوسی دیل وبێسەروشوێنەکانی شەری ناوخۆ و قەرەبوکردنەوەی کەسوکاریان پرسێکی هەستیارە، و دەسەڵات کە لەو دووحزبە سەرەکییە پێکهاتووە؛ خۆی لێ دەدزێتەوە. وروژاندنی ڕاشکاوانەی ئەو پرسە؛ دەرگا لەسەر کۆمەلێ پرسیار دەکاتەوە کە پەیوەستە بە بنەماو پرنسیپەکانی شەڕ و مافی مرۆڤ...**



---

پەردەپۆشکردنی دزی و گەندەڵیەکانیان پێئەدرێ و گەر نەشیکەن ئەمانیش ئەکەونە بەر هەڕەشە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەبێ سەرشۆڕیان بن و قبوڵی بکەن، بگرە ئەبێ لەپاڵ جەماوەری برسیدا لێیان هەستن و ڕاپەڕن (بەلام ئەوەیان باسێکی ترە).

ئەوەندەشی بە شێوەیەکی گشتی بە جەماوەری بێبەش ئەگەڕێتەوە کە پەرچەکرداریان نییە، ئیتر مەسەلەکە بەشێکی ئەوەیە کە ئاماژەم پێدا و بەشێکیشی ئەوەیە کە خەڵک بەدیلی ئەوانی نییە و هێزێکی بەوجۆرە نەهاتۆتەپێشەوە. ئەوانیش هەموو شتێکی کۆمەڵگە لەژێر دەسەڵاتیاندایە. خەڵک بە شێوەیەکی گشتی بەرپەرچی دەسەڵات و سیاسەتی ئەوانی داوەتەوە تا ڕادەی هەستان و بیرکردنەوە لە ڕاماڵینیان، بەڵام ئەمە مەسەلەیەک نییە لە شەو و ڕۆژێکدا دەستپێبکاتەوە و فەزایەکی شۆڕشگێڕانە لەدژیان پێکبهێنێ. ئەو مەسەلەیە خۆڕێکستن و خۆسازدان و خۆکۆکردنەوەی پێویستە، خۆجیاکردنەوەی تەواوەتی لە ئاسۆ و ئایدۆلۆژی ئەوانی پێویستە. ئاخر ئێستاش خەڵک هەمان خۆشخەیاڵی و خۆشباوەڕی نەتەوەپەرستی و ناسیۆنالیستی هەیە. خەڵک کە لە دژی ئەوانیشە هێشتا لە دژی فیکر و ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزم (کوردایەتی) نییە.

بۆیە لەپاڵ ڕەتکردنەوەی سیاسەتی خۆبەستنەوەی ئەواندا بە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە ئەبێ ئەم خۆجیاکردنەوە و ئەم دابڕانە لە بزووتنەوەکەی ئەوان بێتە دەرەوە و دەربکەوێ و خۆی لە دژیان ڕێکبخات، کە بە بڕوای من ئەمەش ئەرکی حزبێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕە کە ئاوها ئاسۆیەک بکاتە ئاسۆی تەواوی کۆمەڵگە بۆ دەربازبوون لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد. پەرچەکردار ئەبێ لەبەرامبەر تەواوی دەسەڵات و بوون و پێکهاتەی ئەحزابی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کورددا بێت و خەڵک بە تەواوی لەوان داببڕێ. هیچ هێزێکی تری ناسیۆنالیستی و ئیسلامی بە بەدیلی ئەوان قبوڵ نەکات.

ئەو هەموو کردەوە ناشرین و قێزەون و دژە ئینسانیانەی یەکێتی و پارتی ئەبێ بەس بێت بۆ نزیکبوونەوەی خەڵک لەو ئاسۆ و ئامانجە ڕزگاریخوازیە.

# له ٢٣ هەمین ساڵیادی کارەساتی ٣١ی ئابدا له لەندەن خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی بەڕێوەچوو

# نا وتن بوو بە کارنامەی ڕەشی پارتی و حزبەکانی کوردایەتی لە ٣١ی ئابدا

بەرواری ٣٠ی ئابی ٢٠١٩ لە سەر بانگەوازی ڕێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە بەشداری ئەندامان و دۆستانی حزب و خەڵکی ئازادیخواز لە بیست و سێ هەمین ساڵیادی کارەساتی ٣١ ئابدا لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی بەرپا کرا.



سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە قسەوباسی دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەستی پێکرد وتی" ٣١ ی ئاب ڕۆژی بیرهێنانەوەی کارنامەی بارزانی و پارتییە بۆ دەستگرتنی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ژیانی خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژە بەدواوە کوردستان بووە جێگایەک بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە و دابەشکردنی کوردستان بە دوو زۆن و درێژەدانی حاکمیەتی دوو حزبی میلیشایی سەرکوتگەر و گەندەڵ و تالانچی ... کە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندیەکانی دوو حزبی بنەماڵە ژیانی خەڵکی کوردستانیان لە قاڵبداوە....لە درێژەی وتارەکەدا وتی "تا مانەوەی هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی لە دەسەڵاتدا کارەساتەکانی ٣١ی ئاب وشەنگال و١٦ ئۆکتۆبەر لەسەر ژیان و داهاتووی خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبێت تەنها ڕێگا هاتنەمەیدانی خەڵکی کرێکار و زەحمەکێشی کوردستانە لە پێناو هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتەوە وە کۆتاییهێنان بەکارنامەی ڕەشیان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان. لە کوتایدا ڕایگەیاند سەری ڕێزو نەوازش بۆ قوربانیەکانی ئەو کارەساتە دائەنوێنین.... و ریسوایی بۆ تاوانبارانی ئەو کارەساتە...

ئەم خۆپیشاندانە دژ بە کارنامەی پارتی بۆ دەستگرتن و گێڕانەوەی هێزەکانی سوپای ڕژێمی فاشی بەعس بۆ هەولێر و شارەکانی تری کوردستان کە بووە هۆی کوژرانی سەدان لە هەڵسوڕاوانی سیاسی و بێسەر و شوێن بوونی دەیان هەڵسوڕاوی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی بەعس و ئاوارەبوونی ملیۆنی خەڵکی کوردستان و سەرەتایەک بوو بۆ دابڕ دابڕکردنی کوردستان بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز کە تا ئێستاش خەڵکی کوردستان بەدەست دوو ئیدارەیی و دوو ملیشیایی و دوو حزبی ناسیونالیزمی کورد و دزی و گەندەڵی و سەرکوت و کوشتار و نۆکەری بۆ وڵاتانی ناوچەکە و وەک عادەتی هەمیشەیی ئەم حزبانەی کوردایەتی و کارنامەیان لە دووبارە بوونەوە وچەند بارەبوونەوەدایە.



خۆپیشاندەران بە دروشمی "مەسعود بارزانی بەرپرسی یەکەمی ٣١ ی ئابە کە بووە هۆی کوشتار و بێسەر و شوێنبوونی سەدان کەس و هاوارەیی ملیۆنی، بۆیە پێویستە دادگایی بکرێ! چارەنوسی ونبوان و قوربانیەکانی شەڕی ناوخۆ ئاشکرا بکەن، هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو دامودەزگا میلیشیایی و سەر و یاساییانەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، قەدەغەکردنی بەکار هێنانی چەک و هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسی،٣١ ی ئاب ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی کارنامەی پارتی و مەسعود بارزانیە لەگەڵ ڕژێمی بەعس ..." لەگەڵ چەندین شیعار لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەوترایەوە لەوانە" سەرانی تاوانی ٣١ی ئاب دەبێ دادگای بکرێن، ئەنجامدەرانی کارەساتی ٣١ی ئاب دەبێ دادگای بکرێن نەک لەدەسەڵاتدا بن، نا بۆ سەڵاتی بنەماڵە نا بۆ حکومی میلیشایا بەڵێ بۆ دەسەڵاتدارێتی جەماوەری، بەڵێ بۆ دەسەڵاتدارێتی شورایی، کەسوکاری قوربانیەکان قەرەبوو بکەنەوە، چارەنوسی ون بووکان ئاشکرا بکەن.. بە زمانی ئینگلیزی کوردی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەوترایەوە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی زۆرێک لە دروشمانە.

**دوایی یەک کاتژمێر خۆپیشاندانەکە کۆتاییهات...**

## کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە دامەزراوە، هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...

## درێژەی دوا وتە

ناوچەکەو عیراق، هەم لەسەر ئاستی کوردستان و زۆنی سەوزدا، بەرەو لاوازی دەڕوات و بەهەموو پێوانە و محەکێک بەرەوە دارمانی زیاتر مل دەنێت. کۆنگرە ناتوانێت کارێک بکات و ڕۆڵێک بگێرێت. هیچ حزبێکی سیاسی لە دڵی دارمان و لێکترازانی بەردەوامدا نەیتوانیوە کۆنگرەو و بڕیارە ناوخۆییەکانی ببنە فریاد ڕەسی. هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی نەیتوانیوە تەلاری ڕێکخراوەیی نۆژەن بکاتەوە کاتێک درزو قڵشتەکانی هێندە فراوان بوون کە لکاندنەوەیان بەیەکەوە ئەستەم بووە. هێزو حزبی سیاسی لە هەلومەرجی پێشرەویدا، لە کاتی بەدەستەوە بوونی چەندین کارتی سیاسی کاریگەردا، لە ژێر سێبەری دۆخێ ئارامی ناوخۆیی و متمانە بەیەک بووندا، لە حاڵەتی خۆشبینی ریزەکانیدا، لەدڵی ئومیدەواری بەئایندەدا، کۆنگرە دەتوانێ ڕۆڵێک بگێرێت. یەکێتی ئەمانەی هیچ نەماوە، بۆیە کۆنگرە بۆ یەکێتی هێندەی مەترسییە، نیو ئەوەندە جێگای ڕەواندنەوەی تاکە ترسێکیش نییە لەسەر ئایندەی داڕوخاوی یەکێتی.

لە دۆخ ئێستای یەکێتیدا" ئەگەر زۆر بڵێیی هەندێک کادر وبەرپرسی موچەخۆر" لەبەرچاو نەگرین... یەکێتی و کۆنگرە بۆ یەکتری بوونەتە گرفت، نەک لازم و مەلزومی یەکتری. لەلایەکەوە یەکیتی وەکو گشتیک، جگە لەناوەکەی نەماوە و لە جێگایدا چەند ناوەندی بڕیار، چەند باڵ و تەنانەت ڕێکخستنی جیاواز، کتلەی رابەری سیاسی جیاواز بە پشتیوانی جیاوازەوە، جێگای یەکێتیان گرتۆتەوە. ئەمە هێندەی کۆنفرانس و کۆنگرەی بۆ باڵ و لاباڵەکان بەجیاو لەدەرەوەی یەکێتی کردۆتە پێویست هێندەش بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووی لە یەکێتی سەندۆتەوە. بۆیە یەکێتی بۆ کۆنگرەیەکی سالم بۆتە گرفت.

بەپێچەوانەشەوە کۆنگرەش بۆ یەکێتی هەر گرفتە... ئاخر بریارە کۆنگرە بەجیا لەلایەنە حقوقی و پەیرەوی سیاسی و ناوخۆیەکەی شوێنێک بێت بۆ داڕشتنەوەی سیاسەت، بیانکردنەوە حزب و تۆکمەکردنەوەی، پرکردنەوەی خەرەندە ناوخۆیەکانی، وەڵامدانەوە بە گرفتەکانی، لەپیش هەمووشیانەوە گرفتە سیاسی و ناوخۆیی و ریکخراوەیەکانی، لەگەڵ فەراهەم کردنەوەی رابەری.

بەڵام دوو سێ باڵ و لاباڵی تەواو جیاواز لەیەکتری، بە پشتیوانی هێز و داهات و کۆمپانیاکان و باندی چەکدار و خۆبەستنەوە بە هێزە ناوچەییەکانەوە، چۆن دەشێت لە کۆنگرەیەکدا و لەژێر چەترێکدا باسی بیناکردنەوەی ئەو تەلارە بکەن، کە بەکردەوە باڵ و لاباڵەکان لە داڕماندیدا ڕۆڵیان هەیەو بەردەوامە. چۆن دەشێت چاوەڕوانی لەو هێڵ و خەتە جیاوازنە بکرێت، کە هیچکامیان نەک پرۆژەیەکی سیاسی و ریکخراوەیی بەدەستەوەیە بۆ ئایندە، بەڵکە بە پرۆژە و نەخشەو پیلانی وەدەرنان و دەست بەسەراگرتنەوە خۆیان تەیار دەکەن. لەدۆخی ئاوادا کۆنگرە دەبێتە گرفت نەک دەریچەیەک بۆ دەرچوون لە بن بەستێکی هەمەلایەنەو قوڵ.

تا ئەو کاتەش کە یەکێتی بۆ کۆنگرە گرفت بێت و کۆنگرەش بۆ یەکێتی گرفت بێت... کۆنگرە لەباشترین حاڵەتی خۆیدا دەبێتە شوێنێک بۆ سازان و دابەشکاری لەهەرەمی سەرەوەی باڵ و لاباڵەکان، بە شیوەی سوڵحی عەشایەری، بێ ئەوەی هیچ کام لە زامە سەرەکییەکانی یەکیتی، هەتوانێکی پێبگات.

**کۆتایی ئابی ٢٠١٩**

سالی سێهەم، ژمارە (59) 1/9/2019 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس ڕەشید، کازیوە ساڵح
عەبدوڵا مەحمود، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا
ساڵح، کاوان قادر،ئارام حەسەن،حەکیم میرزا،
عوسمان قادر، هەتاو عەبدوڵای
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانی ۳۱ ئاب"

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد


بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com


بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


# یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی "دەنگی کرێکار" لەچاپ دەرهات



کاینەی نوێ.. حکومەتی سەرمایەدارانە بۆ هەژارکردنی زیاتری هاوڵاتیان!

دەنگی کرێکار
Worker's Voice

کرێکارانی ژینگە پارێز بەهۆی نەدانی موچەکانیان دەستیانداوەتە مانگرتن!

کۆتایی ئابی ۲۰۱۹، یەکەمین ژمارەی بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار بڵاوبۆوە. دەنگی کرێکار بڵاوکراوەیەکی کرێکارییە. پرس و کێشەکانی کرێکاران، نارەزایەتییە کرێکارییەکان، تێکۆشانی چینی کرێکار، هەواڵی تایبەت بە کرێکاران، کێشەو گرفتەکانی بەردەم کرێکاران و خەباتیان، پرسی رێکخراوکردنی کرێکاران و گرنگی رێکخراووبوون و گرفتەکانی بەردەمی...تاد. دەخاتە روو. هاوکات دەنگی کرێکار هەوڵ دەدات ببێتە بڵندگۆی رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری. ئێمە لە لەکاتێکدا کەدەستخۆشانە لە سەرنووسەر و ستاف و هاوکارانی دەنگی کرێکار دەکەین، هاوکات هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین...

بۆپێشەوە
کوتایی ئابی ۲۰۱۹

## تازەترین بەرهەمی هونەرمەندی کاریکاتێریست سەدار عەبدوڵا




دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 12/9/2019

## دوا وتە

# کۆنگرەو یەکێتی بۆ یەکتری گرفتن!

عەبدوڵا مەحمود



جاریکی تر پرسی بەستنی کۆنگرەی یەکێتی گەرم بۆتەوە، هەرکام لە باڵ و لاباڵەکان، خەریکی ئامادەسازین بۆ کۆنگرە، ئامادەسازییەک کە هەرکام لەو باڵ و لا باڵانە دەیکەن لەچوارچێوەی تەماحی دەستبەسەرداگرتنی یەکێتیەوەیە، نەک رزگارکردنی یەکێتی و دۆزینەوەی دەریچەیەک بۆ تیماری دەردە بێ کۆتاو درێژخانەکانی یەکێتی. هەموو چاودێریکی سیاسی و دونیابینیەکی رۆشن و هوشیارانە ئەو راستیە دەخوێنێتەوە، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رەوتێکی خێرای دارمان دەپێوێت. یەکێتی لە ئاستی هەرێمدا، رۆڵی هێندە لاواز بووە کە نەیارەکانی لە شوێن پێگەی سەرەکی یەکێتیدا خەریکن ئەسپی خۆیان تاو دەدەن و بڕیاری بەسەردا دەسەپێنن، ریگری لە پرۆژەو نەخشەکانی دەکەن، لەوەش زیاتر یەکێتی بەهۆی جەستەی دابڕ دابڕ و زامداری سیاسی و روئیای سیاسیەوە توانای بەرپەرچدانەوەی لەدەستدا نەماوە. هیچ لەوە رۆشنتر نییە کەیەکێتی لەسەر ئاستی هەرێمدا، بێکاریگەر، بێ پرۆژە، خاڵی لە سیاسەتی دیاریکراوە بۆ سەدان پرسی سیاسی گرنگ و چارەنووساز لە هەرێمدا. یەکێتی لە ئێستادا بۆتە راوچیەکی بریندار ناو رووداوەکان، بۆتە یاریچیەکی پێکراو کە لەدواوە خەریکی تۆڵەی پاشقول گرتنە، هەناسەسوار و ماندووە. رووداوە سیاسیەکان، چۆنیان بووێت یەکێتی دەئاژۆن و بەو ئاراستەیەدا پەلکێشی دەکەن، کە رەوتی دارمان و لاوازبوونی زۆرتر دەکەن. یەکێتی لەسەر ئاستی زۆنی سەوزیش، لەگەڵ ئەوەدا داهات و چەک و تا رادەیەک پشتیوانی ناوچەیی لەدەستدا ماوە، بەڵام بێ رکەبەر نییە، پرۆژەو نەخشەو سیاسەتەکانی بێ گرفت ناچن بەرێوە. بەواتایەکی تر بەو هۆیەوە لە ئاستی هەرێمدا لاواز بێ کاریگەر بووە، لە زۆنی خۆیشیدا کاریگەری لاواز بووە. باڵ و لاباڵەکانی یەکێتی لە خودی یەکێتی وەکو گشتێک، هێزدار تر و خاوەن بریار ترن. واتە یەکێتی ئێستا بۆتە نێچیر بۆ باڵ و لاباڵ و کتلە ناوخۆییەکانی. دیارە یەکێتی لەئاستی رێکخراوەیی و دەرونی خۆیدا، لە جەنگێکی بۆ جەنگێکی نەبراوەدایە. بەدەستهێنانی میراتگری جێگای تاڵەبانی. لەکاتێکدا هەمووان دەزانن هیچ تایبەتمەندیەکی تاڵەبانیان نییەو ناتوانن ببنە تاڵەبانی. تاڵەبانی چ وەکو کاراکتەریکی سیاسی ناسراو ناوچەیی و چ کاریگەر لەسەر بریارەکانی ناوخۆی یەکێتی... لەوەش واوتر وەکو چەسپی ناوخۆیی و هونەری ئیدارەدانی باڵ و لقە ناکۆک بەیەکەکانی ناو یەکێتی.

بەو پێیە کە یەکێتی هەم لەسەر ئاستی... بۆ لاپەڕە ۱۴